# کۆتایی گەمە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# کۆتاییی گەمە

شانۆنامە

نووسینی:

**سامویێل بێکێت**

وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە:

**مستەفا قەسیم**

پێداچوونەوە:

**شوان جافەر**

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: کۆتاییی گەمە – شانۆنامە
نووسینی: ساموییێل بێکێت
وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: مستەفا قەسیم
پێداچوونەوەی: شوان جافەر
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٥٦٥
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: سەنگەر عەبدولقادر
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ڕەزا ئازموودە
پیت لێدان: هاوتا هیوا + دیار عەبدولکەریم
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + حامد مورادی
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٤٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# کۆتایی گەمە و شانۆی سامویێل بێکێت

دانا ڕەئوف

## چەردەیەکی کورت سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی بێکێت

سامویێل بێکێت، لە ساڵی ١٩٠٦دا لە دایکبووە، خێزانەکەی دەوڵەمەند و ناسراو بوون و ژیانیان لە ناوچەی فۆکس ڕۆك، لە دەرەوەی شاری دبلن بەسەر بردووە. دایك و باوکی سەر بە بنەماڵەیەکی ئێرلەندیی پرۆتستانتی بوون، باوکی، ویلیەم بێکێت (١٨٧١–١٩٣٣) لە بواری ئەندازەی خانووبەرە و ڕووپێویی زەویوزاردا کاری کردووە. برا گەورەکەشی، فرانك بێکێت (١٩٠٢–١٩٥٤) لە بواری وەرزشدا زۆر کارامە بووە، بێکێت خۆیشی زۆر حەزی بە یاریکردن کردووە و بە تایبەتی لە مەلە کردن، لە بۆکسێن و تێنسدا گەلێك بە توانا بووە، ئەم بەهرەی یاریکردنەشیان لە باوکیانەوە بۆ ماوەتەوە. بێکێت و فرانکی برای پێکەوە زۆر بە ئاسودەیی ژیاون و هەمیشە خەریکی یاریکردن بوون؛ بەڵام بێکێت جگە لە یاری، کاتێکی زۆریش بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکات. بێکیت هەر لە منداڵییەوە ئارەزوویەکی گەورەی لەسەر خوێندنەوە هەبووە و ئەم ئارەزووەش هەموو ژیانی دەگرێتەوە، هەر لە سەرەتاشەوە، زۆر بە باشی کاتەکانی خۆی لە نێوان وەرزش و خوێندندا دابەش دەکات.

سامویێل بێکێت، لە باشترین قوتابخانە و زانکۆکانی ئەو کاتەی دبلن،

خـوێنـدوویـەتـی و لـە ساڵـی ١٩٢٦یشدا بـۆ یـەکـەم جـار، لـە ڕێگـای زانـکـۆکـەیـانـەوە، سەردانـی پـاریس دەکـات. بێکێت لـە زانکـۆی ترینـیتـی (Trinity College) لە دبلن، گرنگییەکی زۆر بە زمانە مۆدێرنەکان دەدات و هـەر لـەم زانـکـۆیـەدا زمـانـی فـەڕەنسی و ئـیـتـاڵـی دەخوێنـێ. بێکێت لـە سەرەتای تەمەنیدا نووسینەکانی "دانتی" کارێکی زۆری تێدەکات و دواتر ئەو کاریگەرییە لە هەموو نووسینەکانیدا، بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕەنگ ئەداتەوە. بێکێت بە نۆڤێل، شیعر، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی و دواتر بە ڕۆمان دەستی کردووە بەنووسین. هەرچەندە ڕۆمانەکانی گەلێ گرنگن و جێگای سەرنج و تێڕوانینن؛ بەڵام بێکێت بەشانۆنامەکانی ناوبانگی جیهانیی خۆی بەدەست دەهێنێ.

ساموێیل بێکێت لە ساڵی ١٩٣٠دا، دوای ئەوەی کۆمەڵێ بابەتی گرنگ و سەرنجڕاکێش دەنووسێ، بۆ نموونە باسێك دەربارەی جیمیس جۆیس، شیعرێکی فەلسەفی سەبارەت بە دیکارت و بابەتێکی ڕەخنەی ئەدەبیش، بۆ ڕاڤەکردنی بەرهەمەکانی ڕۆماننووسی گەورەی فەڕەنسی، مارسێل پرۆست، دەبێتە مامۆستا لە کۆلێژی ترینیتی. پیشەی مامۆستایی و ژیانی ئەکادیمی ناو زانکۆکان هەر زوو بێزاری دەکات، لەبەر ئەوە واز لە کاری مامۆستایی دەهێنێت و خێزانەکەی بەم بڕیارەی بێکێت زۆر دڵگران دەبن. دوای وازهـێـنـانـی لـە کـاری مـامـۆسـتـایـی دەکـەوێـتـە گـەشـتـی جـۆراوجـۆر، سەرەتـا دەچـێـتـە لـەنـدەن و دوای ئـەوە بـەبـێ هـیـچ جـۆرە پـلانـێك بـەنـێو شارەکانی ئەڵمانیادا دەسووڕێتەوە. لە ساڵی ١٩٣١یشدا، یەکەم شانۆنامە دەنووسێ و لە ساڵی ١٩٣٢یشەوە بڕیار دەدات کە بە تەواوەتی لە پاریس بژی.

باوکی بێکێت، ویلیەم بێکێت، لە ساڵی ١٩٣٣دا کۆچی دوایی دەکات و بێکێت لەو دەمەدا تەمەنی ٢٧ ساڵ دەبێت، مردنی باوکی دەبێتە خەمێکی گـەورە و تـەنـگـژەیـەکـی دەروونـی بـۆ بـێکـێت و لـە ئـەنـجـامـدا تـووشی

گـۆشەگـیـریـیـەکـی تـەواوەتـی دەبـێت. بـێکـێت لـە پـاریس دەست دەکـات بەنووسینی شاکارە ئەدەبییەکانی و هەر لەم ساڵانەدا یەکەم ڕۆمانی خۆی (Dream of Fair to Middling women) دەنووسێ. ئەم ڕۆمانەی هیچ دەزگایەکی چاپەمەنی ڕازی نابێت بڵاوی بکاتەوە و هەتا خۆیشی لە ژیاندا بوو، ئەم ڕۆمانەی بڵاوناکرێتەوە. بێکێت کۆڵ نادات، بەردەوام دەبێت، لە ساڵی ١٩٣٨دا یەکەم ڕۆمانی بە ناوی (مۆرفی) Murphy یەوە، بڵاو دەکاتەوە. ئەم ڕۆمانەی ئەتمۆسفێری کۆمێدیایەکی شێتانەی ڕەشی پێوەیە: مۆرفی کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، هەوڵ ئەدات لە پەیوەندییە خۆشەویستییەکانیدا جیهانی ناوەوە و دەرەوەی خۆی ڕێك بخات، بەڵام مۆرفی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانی واقیعی و خودی خۆی نییە، تا لە ئەنجامدا لە یەکێك لە شێتخانەکاندا دەگیرسێتەوە و ژیانی لۆژیکیی خۆی لە دەست دەدات.

بێکێت لە پاریس تێکەڵاوی چینێکی بەرزی ڕۆشنبیر و نووسەرەکانی ئەو کاتەی پاریس دەبێت، لە ناو ئەو نووسەرانەدا زۆر لە جیمس جۆیس، نزیك دەبێتەوە. بەرهەمەکانی جیمس جۆیس زۆر سەرنجی ڕادەکێشن، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان بەسەر ژیان و بەرهەمی بێکێتەوە دەبێت و بێکێت هەمیشە بە ڕێزەوە باسی نووسین و شاکارەکانی جۆیس دەکات. بێکێت و جیمیس جۆیس، هێندە لەیەك نزیك دەبنەوە، هەندێ کەس پێیان وایە کە بێکێت وەك سکرتێری جۆیس کاری کردووە، بەرهەمەکانی بۆ پاکنووس کردووە و سەردانەکانی بۆ ڕێك خستووە. هەندێکی تر دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە بێکێت پێوەندییەکی خۆشەویستیی لەگەڵ خوشکی جۆیسدا هەبووە. بەڵام بێکێت ئەم بۆچوون و پڕوپاگەندانە بەدرۆ دەخاتەوە.

ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٣٨دا و لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی پاریس و بەرێکەوت، دۆستایەتی لەگەڵ ئافرەتێك بەناوی سوزان دروست دەکات.

ئەم دۆستایەتییە، دواتر دەبێتە پێوەندییەکی ئازاد و هەتاهەتایی لە نێوان ئەم دوو مرۆڤەدا.

کە جەنگی دووەمی جیهانی هەڵدەگیرسێت، بێکێت و سوزان لە دبلن دەبن، بێکێت ڕاستەوخۆ بڕیاری گەڕانەوە ئەدات، دوای ئەویش بەچەند ڕۆژێك سوزانیش بۆ پاریس دەگەڕێتەوە.

بێکێت لەم ڕووەوە دەڵێت: "فەڕەنسام لە کاتی جەنگدا زۆر لەلا خۆشترە، وەك لە ئێرلەندا لە کاتی ئاشتیدا". دوای کەوتنی پاریس، بێکێت تێکەڵاوی هێزێکی بەرهەڵستکار دەبێت و دژی سوپای نازی دەجەنگێ. بێکێت لەو جەنگەدا ڕۆڵی کۆکردنەوەی زانیاری دەگێڕێ و دەزگایەکی زانیاری کۆکردنەوە دەکاتە بنکەی چالاکییەکانی. بۆ ئەم مەبەستە زۆر بە وریایی میکرۆفیلم، بەڵگەنامە و دۆکۆمێنت دەربارەی چالاکی و جووڵانەوەکانی هێزەکانی ئەڵمانیا، ڕەوانەی بەریتانیا و شوێنە باوەڕپێکراوەکانی تر دەکات. بێکێت بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە زۆرجار ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە. بەڵام سوور دەبێت لە بەئەنجام گەیاندنی ئەو کارانەدا. لە ساڵی ۱۹٤۲دا کە شانەکەیان ئاشکرا دەبێت، بێکێت و سوزان ناچار دەبن ڕابکەن و خۆیان بگەیەننە ناوچە ئازادکراوەکانی فەڕەنسا. بێکێت و سوزان بۆ ماوەی دوو ساڵ بەنهێنیێ لە گوندە دوورە دەستەکانی فەڕەنسادا ژیان دەبەنە سەر. هەر لەم قۆناخەی ژیانیدا دەست دەکات بە نووسینی ڕۆمانی وات (Watt). لە دوای جەنگیش بۆ پاریس دەگەڕێتەوە و حکوومەتی فەڕەنسیش خەڵاتی جەنگ و مێدالیای ئازایەتی پێ دەبەخشێ. بێکێت ئەم قۆناخەی ژیانی دەشارێتەوە و هێندە بە گرنگییەوە باسی ناکات. بەڵام بێکێت لە دوای جەنگەوە، زمانی نووسینی خۆی دەگۆڕێت و زیاتر بە زمانی فەڕەنسی بەرهەمەکانی دەنووسێ و بڵاو دەکاتەوە.

لە ساڵی ۱۹٤۹دا یەکەم دەستنووسی شانۆنامەی "بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە" دەنووسێ. هەر لەم ساڵانەدا بێکێت، نەمایشێکی شانۆنامەی

″سۆناتای تارمایی″ نووسەری سوێدی، ستریندباری و ″لە ڕیژی″، ڕۆگەر بلین، دەبینێ. نەمایشەکە زۆر سەرنجی ڕادەکێشێ و ئارەزووی خۆی بۆ ″ڕۆگەر بلین″ دەردەبڕێ، تا بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە باسی دوو کەس دەکات، ڤلادیمیر و ئێستراگۆن. ئەم دوو کەسە بەدەم چاوەڕوانیی کەسێکەوە کە ناوی ″گۆدۆ″یە، دالّدەی یەکتری ئەدەن و وتوویژەکانیان لەنێوان هەڵوێستەی کۆمیدی، بێ ئومێدی، هیوا و بێ هیواییدا، دەسووڕێتەوە. گۆدۆ پێی ڕاگەیاندوون کە دێت. بەڵام هەرگیز دەرناکەوێت. هەر لەم سەرە ڕێگای چاوەڕوانییەدا لەکی و پۆزۆ دەبینن، لە کۆتایی بەشەکانیشدا، منداڵێك دێت و پێیان ڕادەگەیەنێت کە گۆدۆ ئەمڕۆ نایەت، بەڵام بەدڵنیایییەوە سبەی دێت. لەسەر شانۆکەیش تەنها درەختێکی وشکی بێ گەڵا هەیە، بەڵام لە بەشی دووەمدا ئەم درەختە وشکە گەڵای کردووە. بێکێت دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە مەبەستی لە گەڵاکردنی درەختەکە هیچ جۆرە هیوایەك نییە و تەنها مەبەست لەوەیە کە زەمەن تێپەڕیوە.

لە ساڵی **١٩٥١دا** ڕۆمانی مۆلۆی (Molloy) دەنووسێ، لە هەمان ساڵدا، ڕۆمانی مالۆن دەمرێ (Molon meurt) و لە ساڵی **١٩٥٣شدا**، ڕۆمانی ″ئەوەی ناو نانرێ″ Den on mnbare بڵاو دەکاتەوە. ئەو سێ ڕۆمانەش پێکەوە سێیینەیەك پێکدەهێنن و یەکتری تەواو دەکەن. پسپۆڕ و ڕەخنەگران ڕۆمانی مۆلۆی بەسەرکەوتووترین بەرهەمەکانی بێکێت دادەنێن. ڕۆمانەکە بریتییە لە دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا، مۆلۆی دەگەڕێتەوە بۆ لای دایکی، هەرچەندە دوو قاچی پتەو و بەهێزی هەیە، بەڵام ناتوانێ پاسکیلەکەی بئاژوێ و لە ئەنجامدا ناچار دەبێت لەسەر سك بەرەو چاڵێك بخشێ. لە بەشی دووەمدا، مۆران دەگەڕێت بەدوای مۆلۆیدا، مۆران لە ڕێگادا ڕووت دەکرێتەوە و هەرچییەکی هەیە لە دەستی دەدات و هەرگیز مۆلۆیش نادۆزێتەوە. لەدوا وێستگەکانی ڕۆمانەکەدا، مۆران گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و وەك مۆلۆی لێدێت.

له ساڵی ١٩٥٣دا ڕۆمانی وات (Watt)  که به ئینگلیزی و له کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا دەینووسێ، له پاریس بڵاوی دەکاتەوە. هەر لەم ساڵەدا، یەکەم نەمایشی شانۆنامەی "بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە" لەسەر شانۆی Theatre de Babylone و بەسەرکەوتنێکی گەورەوە پێشکەش دەکرێت. شانۆنامەکە هەر لە یەکەم نەمایشییەوە دەبێتە هێمای سەرەتایەکی نویێ بۆ شانۆی فەرەنسی، شانۆی جیهانی و تەوژمی شانۆی ئەبسورد. بێکێت هەر لە سەرەتاوە لە هەموو سەرچاوەکانی شانۆی تەقلیدی دوور دەکەوێتەوە، زمانێکی تایبەتمەند و ئەتمۆسفێرێکی جیاواز بۆ شانۆ دەخوڵقێنێ. هێدی هێدی جووڵانەوە، گۆڕانکاری لە ڕووناکی، پێکهاتەکانی سینۆگرافیا و تەنانەت جەستە، جووڵە و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانیشی سنووردار دەکات: هەندێکیان لە تەنەکەی خۆڵدا دەشارێتەوە، یان لە لمدا دەیاننێژێ و تەنها سەریان بەدەرەوە دیار دەمێنێ و لەدوا پیەسەکانیشیدا Not 1- هەموو جەستەی ئەکتەر وەلاوە دەنێ و تەنها ڕووناکی لەسەر (دەم)ی ئەکتەر دەبێت. لە شانۆنامەی "هەناسەدان"یشدا بەتەواوەتی بوونی ئەکتەر وەلاوە دەنێ.

له ساڵی ١٩٥٧دا، دووەم پیەسی خۆی "کۆتایی گەمە" دەنووسێ. لە کۆتایی گەمەدا، کارەکتەرەکان چیرۆك و یادەوەرییەکانی خۆیان دەگێڕنەوە و بیر لە هەندێ شت دەکەنەوە، تەنها بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان بەسەر بوونی خۆیان و دەوروبەرەکەیاندا بشکێ. شانۆکانی فەرەنسا بە پیر "کۆتاییی گەمە"وە ناچن، بەڵام لە لەندەن و لەسەر شانۆی Royal " Court Theatre" و بە زمانی فەرەنسی پێشکەش دەکرێت. هەر لە لەندەن و بەر لە دوو ساڵ، واتە ساڵی ١٩٥٥ پێتەر هاڵ، بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش دەکات. ڕیژەیسۆرێکی گەورەی وەك پێتەر هاڵ، ئاماژەی ئەوە دەکات کە لە دوای بەدەم "چاوەڕوانیی گۆدۆوە"، هەرگیز شانۆ نەگەڕایەوە دۆخی جارانی خۆی. پێتەر هاڵ لە کتێبی

یادەوەرییەکانیدا دەگەڕێتەوە سەر بێکێت و ئاماژە بە ئەفسوونی میم و کرداری فیزیکی، لە پاڵ وزە و هێزی وشەدا ئەدات لە شانۆی بێکێتدا.

سامۆیێل بێکێت، کۆمەڵێ شانۆنامەی تری گرنگ دەنووسێ، لەوانە لە ساڵی ١٩٥٨دا "دوا شریتی کراب" و لە ساڵی ١٩٦٠دا "نوواندنێکی بێدەنگ" و لە ساڵی ١٩٦١دا "ڕۆژێکی بەختیار" و لە ساڵی ١٩٦٦دا "هەناسەدان" دەنووسێ. بێکێت زیاتر و زیاتر لە شانۆنامەکانیدا گرنگی ئەدات بە دەنگ لەبری وشە. "لەدوا شریتی کرابدا"، کراب گوێ لە دەنگی خۆی دەگرێت کە لەسەر شریت تۆمارکراوە. لە -Not1- کە شانۆنامەیەکی یەك پەردەییە، تەنها دەمێك، دەمێکی ئاخێوەر دەبینرێ.

ئەم شانۆنامەیە زۆر بە قووڵی باسی گەڕان بەدوای خودی خۆدا دەکات. هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە ئێمەی مرۆڤ بیر و بۆچوونەکانمان لە کوێوە سەرچاوە وەردەگرێ.

سامۆیێل بێکێت سەر بە دوو کولتووری جیاواز بووە و هەردوو زمانی ئەو دوو کولتوورەشی باش زانیوە. ئینگلیزی کە زمانی دایکی بووە، لە دبلن و قوتابخانەکانی ئەو وڵاتەوە زمانێکی ستانداری ئەدەبیی بەرز فێر دەبێ. وریایی لە زمان و خوێندنەوە بەردەوامەکانی، زمانە ئەدەبییە ئینگلیزییەکەی دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرز و سەرەتای نووسینەکانیشی هەر بەم زمانە دەبێ. بەڵام زمانی فەڕەنسی سەربەستییەکی تر و دەروازەیەکی جیاوازتری پێ دەبەخشێ، دەرگاکانی فەڕەنسا و شاری پاریسی بۆ دەکاتەوە. زمانی فەڕەنسی بۆ بێکێت دەبێتە زمانی عیشق و داهێنان. کە هێدی هێدی لە زمانی ئینگلیزییش دوور دەکەوێتەوە، زمانی فەڕەنسی دەبێتە زمانی یەکەمی. بەڵام بێکێت هەردوو زمانەکە زۆر بەباشی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاردەهێنێ، بۆ نموونە هەر خۆی و زۆر بە سەلیقە و وەستایانە بەرهەمەکانی خۆی لە فەڕەنسییەوە وەردەگێڕێتە سەر ئینگلیزی و لە ئینگلیزیشەوە بۆ سەر زمانی فەڕەنسی.

ئەم گەمە کردنە بەپێزەی نێوان ئەم دوو زمانە گەورەیە، بەرهەمەکانی گەلێ دەوڵەمەندتر و ئاسۆی هزریشی فراوانتر دەکات.

بێکێت لە ساڵی **١٩٦٩دا** پاداشتی نۆبڵ وەردەگرێت و لە ساڵی **١٩٨٩**شدا، هەموو شتێك کۆتایی پێدێت: لە سەرەتادا و لە مانگی **تەممووزدا** سوزانی هاوڕێی ژیانی لە تەمەنی ٨٩ ساڵییدا کۆچی دوایی دەکات، بێکێت، خۆیشی لە مانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا و لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا، کۆچی هەتاهەتایی دەکات.

## بێکێت و شانۆی پووچگەرایی

لە کۆتایی ساڵەکانی دەیەی چل بەدواوە، ڕێبازی شانۆی ئەبسورد و پووچگەرایی لە پاریس گەشە دەکات. ئەم ڕێبازە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە لایەنگران و نووسەرانی زیاتری لەدەور کۆدەبێتەوە، بەهەمان شێوە دەروازەیەکی فەلسەفی و ڕەخنەئامێزیش بە ڕووی بەرهەمەکانی ئەم ڕێبازەدا دەکرێتەوە.

ئارتور ئەداموٚف، فێرناردۆ ئارابال، سامۆیێل بێکێت، ژان ژینییە و یۆژین یۆنسکۆ، نوێنەرە ڕاستەقینەکانی ئەم ڕێبازە بوون و زۆر بە وریایی، بە خێرایی و لە دیدێکی فەلسەفییەوە، برەو بەو ڕێبازە دەدەن. بێگومان ئەنجامەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، برسێتی، بێ هیوایی، مەرگ، هەژاری و نەمانی بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی زەمینەیەکی لەباری دروست بوونی ئەم ڕێبازەن. ئەم نووسەرانە هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە چارەنووس و بوونی مرۆڤایەتی، بەشێوەیەکی قووڵ و ڕاستەوخۆ بەرجەستە بکەن. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئەم نووسەرانە شانۆنامەکانیان لە هەموو بنەما واقیعییەکان داماڵی و گەڕانەوە بۆ گەوهەرە بنەڕەتییەکانی هونەری شانۆ. بۆ نموونە شانۆنامەکانیان پاککردەوە لە مەسەلەی سیکۆلۆژی، گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و بابەتە

مێژووییەکان. لەبری ئەوە ئەم نووسەرانە بونیادی شانۆنامەکانیان لەسەر کۆمەڵێ هێما دادەنێن: بۆ نموونە تەنەکەیەکی خۆڵ، لاشەیەك، چەند کورسییەکی بەتاڵ، درەختێکی بێ گەڵا، یان پانتاییەکی بۆش، سەر شانۆکان دەگرێتەوە. ئەم نووسەرانە دەیانویست لەڕووکاری دەرەوەی واقیع و ژیانی ڕۆژانە دوور بکەونەوە، لەبری ئەوە وێنەی مەجازی و هێما بەکاربێنن. بێکێت بە شانۆنامەی "بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە" ڕێچکەکەی شکاند و فۆرمێکی نوێ و زمانێکی جیاوازی بۆ هونەری شانۆ داهێنا.

لەبەرهەمەکانی تریدا بەرەوی بەو تەکنیکەدا: لە بەشی یەکەمی شانۆنامەی "ڕۆژێکی بەختیاردا"، ژنێك تا ناوقەدی لە لمدا نێژراوە و کە دەگەینە بەشی کۆتایی تەنها سەری بەدەرەوە دەمێنێتەوە. یان یۆژین یۆنسکۆ، لە شانۆنامەی کرێگرتەدا کە مرۆڤێك دەگوێزێتەوە بۆ ژوورێکی چۆڵ و شتومەکەکانی یەك لەدوای یەك دێنێتە ژوورەوە. کورسی، مێز، دۆڵاب و ....هتد، ئەم کەلوپەلانە دوایی نایەت و بەردەوام لەزیادبووندایە، تا هەموو ژوورەکە داگیر دەکات و کرێگرتەش بەتەواوەتی لەناو ئەو هەموو کورسی و مێز و دۆڵابانەدا ون دەبێت و دەبێتە بەشێك لەو شتانە.

## بێکێتی نووسەر و بێکێتی ڕیژیسۆر

بێکێت لە ساڵی ١٩٦٤وە دەکەوێتە کارکردن لە پیەسەکانی خۆیدا، سەرەتا لە فەڕەنسا، دوای ئەوە لە ئینگلیزستان، ئەمەریکا و ئەلمانیا. ئەم ڕووبەڕووبوونەوە کردەییەش لە شانۆدا وا لە بێکێت دەکات کە وردە وردە گۆڕانکاریی لە تێکستەکانیدا بکات. هەندێ شت لابەرێت و هەندێکی تر بگۆڕێت و لەهەندێ حاڵەتیشدا دیمەن و دیالۆژ و تەنانەت کارەکتەرەکانیش سەرلەنوێ داڕێژێتەوە.

بێکێت هەندێك جار لەگەڵ ڕیژیسۆرەکانی کارەکانی خۆشیدا دانیشتووە و زۆر لە نزیکەوە چاودێریی کارەکانی کردوون. لەم چاودێری کردنەدا

زۆر ڕەق بووە و بە هەموو شتێك قاییل نەبووە و ڕیژیسۆر و ئەکتەرەکانی خستووەتە ژێر هەڵوێستەی گرانی ڕەخنەییەوە. کە خۆیشی کاریکردووە، بەهەمان شێوە ڕەق بووە، هەندێ جار خۆی تێکستەکانی بەشێوازێك خوێندووەتەوە و داوای لە ئەکتەرەکانی کردووە کە بەهەمان شێوە لاساییی ئەو بکەنەوە، یان داوای لێکردوون کە سەد دەر سەد، وەك ئەو بجوولێنەوە. ئەم کارکردنە ڕاستەوخۆیەش لەگەڵ ئەکتەرەکاندا زۆر گۆڕانکاری لەلای بێکێت دروست دەکات. بێکێت بەچاوێکی ترەوە دەڕوانێتە پیەسەکانی و بەجۆرێکی تر تێیان دەگات. ئەو گۆڕانکارییانەی بێکێت، لەکاتی مەشقی شانۆنامەکانیدا کردوونی وایان لە دیالۆژ و ڕووداوەکان کردووە کە زیاتر چڕ ببنەوە و لەگەڵ ئەتمۆسفێری شانۆدا بگونجێن. بێکێت خۆی وەك ڕیژیسۆر لە هەموو کەسێك زیاتر توانیویەتی پەی بە وردەکاری و میناتۆرەکانی ناو پیەسەکانی بەرێت. هەروەها هەر بێکێت لەهەموو ڕیژیسۆرێك زیاتر توانیویەتی مۆسیقا و ڕیتمی نێو دیمەن و ڕستە کورتەکانی بدۆزێتەوە.

## تەنگژەی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بێکێت

لە ساڵی ١٩٨٩وە سەنتەری The Theatrical Notebooks of Samuel Beckett دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بێکێت. لەم سەنتەرەدا کۆمەڵێ پسپۆڕی تایبەتمەند خەریکی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و بەراوردکاری و ساخکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەن، تا سەرلەنوێ تێکڕای نووسینەکانی لەچەند بەرگێکدا بڵاو بکرێتەوە.

بێکێت تا خۆی لە ژیاندا بووە، گۆڕانکاریی زۆری لە پیەسەکانیدا کردوون و زۆربەی چاپی شانۆنامەکانی جیاوازیی دیار و ئاشکرایان پێوە دیارە. کاری ئەم گرووپەش ئەوەیە کە زۆر بە وردی لە چاپە جیاوازەکانی پیەسەکانی بکۆڵێتەوە، تێبینییەکانی بێکێت خۆی ڕاڤە

بکەن، دەفتەری دەرهێنانەکانی بخەنە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی زانستییانەوە. بێکێت لەو دەفتەرانەدا زۆر تێبینیی گرنگی نووسیون، ئاماژەی بە گۆڕانکارییەکان کردووە، ئەم گرووپە لە تەقەلای ئەوەدان بتوانن لە نەژادی پیەسەکانی بێکێت خۆیەوە نزیك ببنەوە، تا بزانن چۆن دوا گۆڕانکارییەکانی کردوون و چۆن بیری کردووەتەوە. ئەم گۆڕانکارییانەی بێکێت و چاپە جیاوازەکانی تەنگژەیەکی گەورەی بۆ وەرگێڕی بەرهەمەکانی بێکێت لە سەرانسەری جیهاندا دروست کردووە و هەندێك جار ئەو وەرگێڕانە تووشی هەڵە و چەواشەکاری بوون. ئامانجی ئەم سەنتەرەیش ئەوەیە کە چاپێکی یەکگرتوو و بێ کێشە بۆ تێکڕای بەرهەمەکانی بێکێت دەستەبەر بکات.

## کۆتاییی گەمە یان گەمەی دەسەڵات

لە شانۆنامەی کۆتاییی گەمەدا، کارەکتەری "هام" وەك سمبوڵی دەسەڵات، بە کوێری و لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە. گەمەی نێوان کارەکتەرەکانیش، بەتایبەتی "هام" و "کلۆف"، گەمەی دەسەڵات: دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات، پادشا و دەستوپێوەند و سمبوڵەکانی تری چەمکی دەسەڵات بەرجەستە دەکەن.شانۆنامەی "کۆتاییی گەمە" بۆ یەکەمجار لە لەندەن و لە ساڵی ١٩٥٧دا و لە نیویۆرکیش، لە ساڵی ١٩٥٨دا نەمایش کراوە. نەمایشەکەی نیویۆرك لە ریژی هونەرمەند "ئالن شنایدەر" و لەسەر شانۆی Cherry Lane Theatre بووە، ئەم نەمایشە، سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێناوە و هەر لەسەرەتاشەوە بێکێت بە بەردەوامی، خەریکی نامە گۆڕینەوە بووە لەگەڵ ڕیژیسۆر، "ئالن شنایدەر"، بێکێت لەو نامانەدا کۆمەڵێ مەسەلەی زۆر گرنگ سەبارەت بە هەردوو شانۆنامەی کۆتاییی گەمە و بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە و هەندێ مەسەلەی ڕەخنەییەوە دەخاتە ڕوو. دواتر هەندێ لەو نامانە و وەڵامەکانی ئالن شنایدەر لە کتێبێکدا چاپ کراون.

کۆتـایـیی گـەمـە بـەپـێچـەوانـەی بـەدەم چـاوەڕوانـیی گـۆدۆوە و هـەنـدێ مـەسـەلـەی ڕەخـنـەیـیـیـەوە دەخـاتـە ڕوو. دواتـر هـەنـدێ لـەو نـامـانـە و وەڵامەکانی ئالن شنایدەر لە کتێبێکدا چاپ کراون.

کۆتاییی گەمە، بەپێچەوانەی بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە، نەفەسێکی قـووڵـی وێژەیـی تـێدایـە. کـۆتـایـیـی گـەمـە بـەشێوەیـەك لـەشێوەکـان، شانـۆنـامـەکـانـی، "شـالیـر، زریـان" و "ڕیشاردی سێیـەمـی" شەکسپیرمـان بیردەخاتەوە. زۆر لە توێژەرەوانی شانۆی جیهانی، ئەوە دووپات دەکەنەوە کە کارەکتەری "هـام" زۆر نزیکە لە کارەکتەری شالیری شەکسپیر هەندێ لە ڕێژیسۆرەکانیش "هـام" یان وەك شالیر بەرجەستە کردووە. کۆتاییی گەمە زۆر لەچیرۆکەکانی ئینجیل و فەلسەفەی گرێکییش لەخۆ دەگرێت.

لـەکـۆتـایـیـی گـەمـەدا، ژووریـکـی ڕووتـوقـووت، کـورسـیـیـەکـی بـزۆزی پـێـچـکـەدار و دوو تـەنـەکـەی خـۆڵـی تێدایـە. تـابـلـۆیـەك، بـەهـەڵاوگـێڕاویـی هـەڵـواسراوە، دوو پـەنـجـەرەی بـەرز، دووربـیـنـێك، پـەیـژەیـەك و فـیکـەیـەك بەکاردەهێنرێ. ئەم ژوورە یان ئەم جیهانە، بەتەواوەتی لەهەموو جیهان، سروشت و زەمـەنـێکـی دیـاریـکـراودا دابـڕاوە. هـام هـەسـت بـەم دابـڕانـە کوشندەیە دەکات و بە کلۆف دەڵێت:

هـام: سروشت ئێمەی لەبیرچووە!

کلۆف: سروشتی لێنەماوە.

هـام: سروشتی لێنەماوە! موبالەغە دەکەیت!

کلۆف: لەم دەوروبەرە!

هـام: بـەڵام خـۆ هـەنـاسـە دەدەیـن، دەگـۆڕێین، قـژمـان دەوەرێ، ددانـمـان دەکەوێ! تەڕوبڕیمان لەدەست دەدەین، هزرمان ون دەکەین!

کلۆف: کەواتە سروشت ئێمەی لەبیر نەکردووە!

هـام: بەڵام تۆ دەڵێیت کە لێرە سروشتی لێنەماوە.

کۆتاییی گەمە

کۆتـایـیـی گـەمـە، چـوار کـارەکـتـەر لـەخـۆ دەگـرێت، ئـەم کـارەکـتـەرانـە، بەپێچەوانەی شانۆنامە، گوزارشت ئامێزەکانەوە کە هیچ جۆرە ناوێکیان نییە، هەریەکە و ناوی تایبەتی خۆی هەیە: ناگ، نیل، هام و کلۆف. ئەوەی جێگای سەرنجە، سیانیان بەدرێژایی شانۆنامەکە دانیشتوون و قاچیان نابینرێ، بەڵام ئەویتریان بەدرێژایی شانۆنامەکە بەپێوەیە و هەرگیز دانـانـیشێ. نـاگ و نـیـل، کـە دایك و بـاوکـی "هـام"ن، هـەریـەکـە و لـە تـەنـەکـەیـەکی خۆڵی خۆیدا دانیشتووە و تـەنـها جـارنـاجـارێك سەریـان دەبـیـنـرێ. سێیـەمـیـان "هـام" کـوێرە و بـەدرێژایـی شانۆنـامـەکە لـەسەر کـورسـیـیـە پـێچـکـەدارەکـەی دانیشتووە، چوارەمـیشیـان کلـۆفی کۆیلـە و بـەردەستی هـامـە. ئـەم چوار کـارەکـتـەرە، پێوەندیـیـەکی گرژ، توندوتیژ و دڵڕەقانە کۆیان دەکاتەوە. هەندێ جاریش، گەمەیەکی بێزەوەری کۆمێدی لەگەڵ یەکتر دەکەن. ئەم گەمەیە، داڵدەیەکی بێ مانای دوو کەسە کە پێکەوە پەیوەستن و ناتوانن لەیەك دوور بکەنەوە، لەهەمان کاتدا ناتوانن پێکەوەیش بژین:

هـام: پەنجەرەکە بکەرەوە!

کلۆف: بۆچی؟

هـام: دەمەوێ گوێ لە دەریا بگرم.

کلۆف: گوێت لێی نابێت.

هـام: ئەگەر پەنجەرەکەیش بکەیتەوە؟

کلۆف: نە.

هـام: کەواتە پێویست ناکا بیکەیتەوە.

کلۆف: نە.

هـام: (بەتوندوتیژییەوە) دە کەواتە بیکەرەوە. (*کلۆف دەچێتە سەر پەیژەکە، پەنجەرەکە دەکاتەوە، ساتێك*) پەنجەرەکەت کردەوە؟

کلۆف: ئا.

هـام: سوێندم بۆ دەخۆیت کە پەنجەرەکەت کردووەتەوە؟
کلۆف: ئـا. (*ساتێك*)
هـام: چاکە (*ساتێك*) کەواتە دەبێ دەریا زۆر ئـارام بێ؟
(*ساتێك*) پێت دەڵێم ئـایا دەریا ئـارامە؟
کلۆف: نـا.

کۆتـاییی گـەمـە

ئـەم کـارەکتـەرانـە لـەو کـەسـانـە دەچن کـە خـەون بـە مـەرگی خـۆیـانـەوە دەبینن، لـە بێئـاگـاییدا دەدوێن، لـە سـاتـەوەختـە گرانـەکـاندا گـەمـەی دەسـەڵات دەکـەن و بـەیـەکتردا هـەڵدەشـاخێن.

بـێکـێت خـۆی لـە سـەرەتـای نـووسیـنـی ئـەم پـیـەسـەدا، چـەنـدین هـزر و بـۆچـوونـی جـیـاوازی هـەبـووە، بـۆ نـمـوونـە لـە یـەکـێك لـە دەستـخـەتـە سـەرەتـاییـیـەکـانـی پـیـەسـەکـەدا، دووپـاتـی مـەسـەلـەی گـۆڕینـی شـونـاسی ڕەگـەزی کـارەکتـەرەکـانی کردووەتـەوە:

کـلـۆف لـەپـڕ بـە قـژی دەسـتـکـرد و جـووتـێك مـەمـکـی زلـی خـوازراوەوە، هـەروەك ئـافـرەت دەردەکـەوێت. بـەڵام بـێکـێت، دواتـر ئـەم بـۆچـوونـانـە بـەتـەواوەتـی لـە پـیـەسـەکـەدا لادەبـات و دەگـەڕێتـەوە سەر بـنـەمـا سـەرەتـاییـیـەکـانی پـیـەسـەکـە.

## کۆتاییی گەمە یان گەمەی شەترەنج

زۆر لـە ڕەخنـەگرە گـەورەکـان و پسپۆڕانـی بێکێت، ئـامـاژەی ئـەوەیـان کردووە کـە شـانـۆنـامـەی کـۆتـاییی گـەمـە، چـەنـدە نـزیـکـە لـە شـانـۆنـامـەی شـالـیـری شـەکسپیرەوە، هێندەیش جۆرێکە لـە گـەمـەی شـەترەنج. هـام کـە بـەبێ جووڵە لـەسـەر کورسییـەکـەی دانیشتووە، پـادشـای ئـەم گـەمـەیـە. دوو تـەنـەکـەی خۆڵـەکـەش کـە نـاگ و نیلـی تیادایـە، هـاوشێوەی دوو قـەڵای ئـەمسـەر و

ئەوسەری گەمەی شەترەنجن. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، کێ لەم گەمەیەدا دژ بە پاشا "هام" دەجوڵێتەوە؟ کات تاکە ململانێی "هام"ە کە خەریکە بە تەواوەتی بەسەر دەچێت و گەمەکە بەرەو سنوورەکانی کۆتایی دەبات.

لەم گەمەی شەترەنجەدا بواری جووڵانەوە و هاتوچۆکردن زۆر تەسك و دیاریکراوە. "هام" کە کارەکتەری سەرەکیی شانۆنامەکەیە، بەدرێژایی نەمایشەکە لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە و چیرۆکی بێ سەروبەر دەگێڕێتەوە.بەردەستەکەشی کلۆف، هەرگیز دانانیشێ و هەمیشە بە پێوەیە.

یەکێکیش لە مەسەلە گرنگەکانی ئەم شانۆنامەیە، ئەوەیە کە دوو کارەکتەرەکە، هام و کلۆف، بگەنە کۆتایی، وێستگەی کۆتایی، کۆتاییی گەمەکە یان کۆتاییی ژیان، ئەمەش هاوکێشەیەکی چڕ و گرانی شانۆنامەکەیە.هام هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەوە باسی کۆتایی دەکات:

هام: ئیدی کاتی ئەوە هاتووە، تەنانەت لەنێو پەنا و حەشارگەکانیش دەبێ ئەمە کۆتایی پێبێ. (*ساتێك*) لە هەمان کاتدا هەردەم ڕاڕام. دوودڵم کۆتایی پێ.... پێ بهێنم. بەڵێ وایە. کاتی ئەوەیە کۆتایی بێ و هێشتا هەر ڕاڕام کۆتایی پێ بهێنم. (*باوێشك*) ئۆووو ... بڕوانن خەریکی چیم، چاکتر وایە بچم بنووم.

*کۆتاییی گەمە*

یان لە دیمەنێکی تری شانۆنامەکەدا. هام و کلۆف بەم شێوەیە باسی ڕاگرتنی گەمەکە دەکەن:

کلۆف: (*بە پاڕانەوە*) با ئەم گەمەیە ڕاگرین.

هام: هەرگیز. (*ساتێك*) بمخە ناو تابووتەکەم.

کلۆف: تابوتی لێنەماوە.

هام: کەواتە با کۆتایی بێ. (*کلۆف دەچێت بۆ لای پەیژەکە. بە توندوتیژییەوە*)، زۆر بەخێرایی با تەواو بێ.

*کۆتاییی گەمە*

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە. وەك لەوەوبەر ئاماژەیان بۆ کردووە، چەمکی کات بوونێکی گەورە و مەسەلەیەکی گرنگ لە پیەسەکەدا لەخۆدەگرێت، ئەو کۆتاییەی کە نزیکە، کۆتایی چەمکی زەمەنێکی فەلسەفی گەمەکەی هام و کلۆفە. لە هەمان کاتدا لەم گەمەیەدا، کلۆفیش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە: کلۆف زۆر پەیوەندە بە هامەوە، هام دەیەوێت بمرێت، بەڵام کلۆف دەیەوێت بژی. کێ کش لەکێ دەکات بەپێی پرنسیپ و لۆژیکەکانی گەمەی شەترەنج. هەموو شتێ وەك خۆیەتی، هەرچەندە کلۆف زیاتر دەبێتە خاوەنی خۆی و لە کۆتاییدا دەیەوێت، هام جێبێڵێ، بەڵام هەرگیز ناگاتە ئەو ئاستەی کە بتوانێ ئەو بڕیارە بدات و هام جێ بێڵێ:

هام: تۆ بۆچی لەگەڵ من دەمێنیتەوە؟

کلۆف: ئەی تۆ بۆچی من ڕادەگریت؟

هام: کەسێکی تر نییە.

کلۆف: شوێنێکی تر نییە.

کۆتایی گەمە

سامۆییل بێکێت، سەبارەت بە میتافۆری لێکچوونی گەمەی شەترەنج و شانۆنامەی کۆتایی گەمە دەڵێت: هام پادشای ئەم گەمەیەیە کە هەر لەسەرەتاوە دۆڕاوە. هەر لەسەرەتاوە، ئەم پادشا دۆڕاوە دەزانێت هەموو ئەو شتانەی کە دەیان کات هیچ مانایەکیان نییە. هەروەها لەم گەمەیەدا، هام، هیچ هەنگاوێکی چاوەڕوانکراو و شیاویش نانێ. لە بەرئەنجامدا کۆمەڵێ یاریی بێ ئەنجام و بێ پلان دەکا، یاریی وەها کە هەر یاریزانی گەمژە و نەزان یاریی وەها دەکا.

## هام و کلۆف یان ڤلادیمیر و ئێستراگۆن

هـام و کلۆف درێژکراوەیەکی لۆژیکی ڤلادیمیر و ئێستراگۆنن. یاخود وەك بێکێت خۆی ئاماژەی بۆ کردووە، هـام و کلۆف، ڤلادیمیر و ئێستراگۆنن بە پیریی. کلۆف و ئیستراگۆن، لە بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە و لە کۆتـاییی گـەمـەدا، بـەبـەردەوامـیـی بـاسی ئـەوە دەکـەن کـە پـێویستـە لـەیـەکـتـری جیابېنەوە، لە هام و ڤلادیمیر، بەبێ ئەوەی یەك هەنگاو لەیەکتری دوور بکەونەوە. ئەم دوو کارەکتەرە، ناتوانن پێکەوە بژین، بەڵام لەهەمانکاتدا ناتوانن بەبێ یەکیش بژین.

لـەدوا دیمـەنی شانـۆنـامـەی کـۆتـاییی گـەمـەدا، کـلـۆف دێتـە ژوورەوە و جلوبەرگی گۆڕیوە و جانتای سەفەری بەدەستیەوەیە و خۆی بە تەواوەتی ئامادە کردووە تا بڕوات و هام بەجێ بهێڵێ، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناجووڵێ و لە ژوورەکەش ناچێتە دەرەوە، هەروەك دوا دیمەنی بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە:

ڤلادیمیر: ئێستا بڕۆین؟

ئێستراگۆن: با بڕۆین.

(*ناجووڵێن*)

بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە

لەدوا چرکەساتەکانی کۆتاییی گەمەدا، مرۆڤێك، تەتەرێك دەردەکەوێت، بـەبـێ ئـەوەی هـیـچ پـەیـامـێکی پێبێ و بـەبـێ ئـەوەی بێتـە سەر شانۆش. تەتەرەکە منداڵێکە و نازانین تەمەنی چەندە و بەرەو کوێ دەچێ؟

کلۆف لە پەنجەرەکەوە تەماشا دەکات و هەواڵەکە بە هام دەگەیەنێ:

کلۆف: ئۆو ... کەسێکە..

هام: ئێ چاکە، بڕۆ لەناوی بەرە. (*کلۆف لە* پەیژەکە *دادەبەزێت*)، یەکێك!

(*دەلەرزێ*)، فەرمانی خۆت بەجێ بگەیەنە. (*كلۆف بەخێرایی بەرەو دەرگاكە دەڕوا*) نا، پێویست ناكا. (*كلۆف دەوەستێ*)، چەند دوورە؟ (*كلۆف دەگەڕێتەوە بۆ لای پەیژەكە، سەردەكەوێتە سەری، دووربینەكە ئاڕاستە دەكا*)

كلۆف: حەفتا و ... چوار مەتر.

هام: نزیكدەبێتەوە؟ دوور دەكەوێتەوە؟

كلۆف: (*بەردەوام تەماشا دەكا*) ناجوولێتەوە.

هام: نێرە؟ مێیە؟

كلۆف: جا ئەوە دەبێ گرنگیی چی بێ؟ (*پەنجەرەكە دەكاتەوە خۆی بۆ دەرەوە دەچەمێنێتەوە. كاتێك. ڕاست دەبێتەوە، دووربینەكە نزم دەكاتەوە، بەرەو هام دەسوورێ، بەترسەوە*) پێدەچی منالێك بێ.

كۆتاییی گەمە

كۆتاییی گەمەش، وەك دەسپێكی گەمەكە وایە، هام، دەستەسڕە خوێناوییەكە بۆ دواجار دەداتەوە بەسەر دەموچاویدا و كۆتایی بە گەمە دێنێ. كلۆفیش بەبێ جوولە و لەوپەڕی ئامادەییدا، بۆ گەمەی داهاتوو، لەپاڵ هامدا ڕاوەستاوە.

هام: كلۆف! (*ساتێكی درێژ*) نا؟ چاكە. (*دەستەسڕەكەی دەردەهێنێ*) لەبەرئەوەی ئەمە، بەم شێوەیە گەمە دەكرێ. (*دەستەسڕەكە دەكاتەوە*)، ئێمەیش بەم شێوەیە ئەمە گەمە دەكەین. (*دەستەسڕەكە دەكاتەوە*) ئینجا باسی ناكەین و ناچینەوە سەری. (*تەواو دەستەسڕەكە دەكاتەوە*) باسی لێوە ناكەین. (*دەستەسڕەكە بەكراوەیی بەرامبەر خۆی ڕادەگرێ*) كۆنە پەڕۆ. (*ساتێك*) ئا ... تۆ ... تۆ دەهێڵمەوە.

(*كاتێك، دەستەسڕەكە لە دەموچاوی نزیك دەكاتەوە*)

كۆتاییی گەمە

## کەسایەتییەکان

ناگ

نیل

هام

کلۆڤ

ژوورێکی رووتوقوت

رووناکییەکی خۆڵەمێشی، دڵتەنگ

دوو پەنجەرە بە بەرزاییەکەوە بە دیواری لای ڕاست و چەپ، بەرەو قووڵاییی شانۆ، هەڵواسراون. پەردەکان دادراونەتەوە. لە پێشەوەی شانۆ، لەلای ڕاست، دەرگایەك بە دیوارەکەوە قایم کراوە، لە نزیك دەرگاکەوە تابلۆیەك بە هەڵگەڕاوەیی هەڵواسراوە. لە پێشەوەی شانۆ لەلای چەپ، دوو زبڵدان [دوو تەنەکەی خۆڵ] بەرامبەر بە یەك دانراون. لە ناوەڕاستی شانۆ، هام لەسەر کورسییەکی جووڵاو (*کورسی ڕەوڕەوەدار*) دانیشتووە و بە چەرچەفێکی کۆن داپۆشراوە. کلۆف بەبێ جووڵە لە تەنیشت کورسییەکەوە وەستاوە، تەماشای هام دەکا، سیمای زۆر سوور هەڵگەڕاوە، دەچێ بۆ ژێر پەنجەرەی لای چەپ، بە خێرایی ڕێ دەکا، ناسەقامگیر و بەملا و ئەولادا دێ. تەماشای پەنجەرەی لای چەپ دەکا، سەری بۆ دواوە وەردەچەرخێنێ، تەماشای پەنجەرەی لای ڕاست دەکا. دەچێ بۆ ژێر پەنجەرەی لای ڕاست، سەری بۆ دواوە وەردەچەرخێنێ. تەماشای پەنجەرەی لای چەپ دەکات. دەچێتە دەرەوە، زوو دەگەڕێتەوە و پەیژەیەکی بچووکیشی پێیە، لەژێر پەنجەرەی لای چەپ دای دەنێ، سەر دەکەوێتە سەری، پەردەکە لادەبات. لە پەیژەکە دێتە خوارێ، شەش هەنگاو دەنێ بەرەو لای ڕاست. دەگەڕێتەوە پەیژەکە هەڵدەگرێ و لەژێر پەنجەرەی لای ڕاست دای دەنێ، دەچێتە سەری، پەردەکە لادەبات. لە پەیژەکە دێتە خوارێ، سێ هەنگاو بەرەو پەنجەرەی لای چەپ دەنێ، دەگەڕێتەوە و پەیژەکە هەڵدەگرێ، لەژێر پەنجەرەی لای چەپ دای دەنێ، دەچێتە سەری، لە پەنجەرەکەوە تەماشا دەکا، پێکەنینێکی کورت. لە پەیژەکە دادەبەزێ یەك هەنگاو بەرەو پەنجەرەی لای ڕاست دەنێ. دەگەڕێتەوە و پەیژەکە هەڵدەگرێ، لەژێر پەنجەرەی لای ڕاست دای دەنێ، سەردەکەوێ لە

پەنجەرەکەوە تەماشا دەکا، پێکەنینێکی کورت. لە پەیژەکە دێتە خوارێ. دەچێت بۆ لای تەنەکە خۆڵەکان، دەگەڕێتەوە و پەیژەکە هەڵدەگرێ، بەرزی دەکاتەوە، ڕا دەگۆڕێ، دای دەنێتەوە. دەچێ بۆ لای تەنەکەی خۆڵەکان و چەرچەفەکە سەریان لادەبات، بە جوانی قەدی دەکات و لەسەر قۆڵی دای دەنێ. سەرقاپی یەکێ لە تەنەکەی خۆڵەکان بەرز دەکاتەوە، دەچەمێتەوە و تەماشای ناو تەنەکەی خۆڵەکە دەکا. پێکەنینێکی کورت. سەرقاپی تەنەکەی خۆڵەکە دادەپۆشێ. هەمان گەمە لەگەڵ تەنەکە خۆڵەکەی تر. دەچێت بۆلای هام، چەرچەفەکەی سەری لادەبات. بە جوانی قەدی دەکات و دەی خاتە سەر قۆڵی.هام بە جلوبەرگی ناو ماڵەوەیە. کلاوێکی خوریی لەسەرە، دەستەسرێکی گەورە کە پەڵەی خوێنی پێوەیە، بە سەر دەموچاویدا دراوە، فیکەیەکی لە ملدایە، جێ برین لەسەر ئەژنۆکانییەتی، گۆرەوی ئەستوری لەپێدایە، پێدەچێ نووستبێ. کلۆف تەماشای دەکا، پێکەنینێکی کورت. دەچێت بۆ لای دەرگاکە، دەسووڕێ و تەماشای شانۆکە دەکا، لێڕادەمینێ، ڕووە و هۆڵەکە دەسووڕێ.

کلۆف: [*تەماشایەکی سەقامگیر، دەنگێکی سارد*] تەواو، تەواوبوو، تەواو دەبێ، ڕەنگە تەواو ببێ. [*ساتێك*] تۆوەکان دەچنە پاڵ تۆوەکان، دەنك دەنك، تا زۆر دەبن، ڕۆژێك لەپڕێکدا دەبن بە کەڵەکێك، کەڵەکێکی بچووك، کەڵەکێکی نامومکین. [*ساتێك*] هەرگیز ناتوانن سزام بدەنەوە [*ساتێك*] دەچمە نێو موبەقەکەم، سێ مەتر بە سێ مەتر بە سێ مەترە. چاوەڕێ دەکەم تا فیکەم بۆ لێ دەدەن، [*ساتێك*] قەبارەیەکی جوانن. خۆم بەسەر مێزەکەدا دەدەم، تەماشای دیوارەکە دەکەم، چاوەڕوانی ئەوە دەبم فیکەم بۆ لێبدەن.

[*ساتێك بێ جووڵە دەمێنێتەوە، پاشان دەچێتە دەرەوە، هەر زوو دەگەڕێتەوە، دەچێت پەیژەکە هەڵدەگرێ، بەپەیژەکەوە دەچێتە دەرەوە. ساتێك، هام دەجووڵێ، لە ژێر دەستەسرەکەوە باوێشك*

*دەدات. دەستەسرەکە لەسەر دەموچاوی لادەبات، سیمای زۆر سوور هەڵگەڕاوە. چاوێلکەیەکی ڕەشی لەچاو دایە.]*

هام: نۆرەی [*باوێشك دەدات*] منە [*ساتێك*] گەمە کردن. [*ئەمسەر و ئەو سەری دەستەسرەکە دەگرێ و بە کراوەیی بەرامبەر بەخۆی ڕایدەگرێ*] پەڕۆ کۆن! [*چاوێلکەکانی دادەکەنێ، دەموچاوی دەسڕێ، چاوێلکەکانیشی دەسڕێ و لە چاویان دەنێتەوە. دەستەسرەکە بە جوانی قەد دەکا و لە گیرفانی سەرەوەی ڕۆبی نوستنەکەی دەنێ، دەست بە ملییەوە دەگرێ و قورگی پاك دەکاتەوە*]

دەی... تۆ بڵێ... [*باوێشك دەدات*] بەدبەختییەك هەبێ، زیاتر بێ، زۆر زیاتر بێ لەوەی من؟ بێگومان. جاران. بەڵام ئەمڕۆ؟ [*ساتێك*] باوکم؟ [*ساتێك*] دایکم؟ [*ساتێك*] سەگە...کەم؟ زۆر حەز دەکەم ئازار بچێژن. بەهەمان ئەندازەی ئەو کەسانەی کە دەتوانن ئازار بچێژن. بەڵام ئایا ئەمە وا دەگەیەنێ کە ئازارەکانمان وەك یەکن، یەکسانن؟ بێگومان. [*ساتێك*] نەخێر، هەموو هەر...ڕە.. [*باوێشك*] هاین. [*بە شانازییەوە*] چەند گەورە ببین هێندەش پڕو تۆکمەین. [*ساتێك. خەمبار*] هێندەش بۆش دەبین. کلۆف! [*ساتێك*] نا، بەتەنیام. [*ساتێك*] چ خەون گەلێك بوون! ئەو دارستانانە! [ساتێك] با بەسبێ. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە، تەنانەت لەنێو پەناو حەشارگەکانیش دەبێ ئەمە کۆتایی پێ بێ.

[*ساتێك*] لە هەمان کاتدا، هەردەم ڕاڕام. دوو دڵم کۆتایی پێ... پێ بهێنم.

بەڵێ وایە. کاتی ئەوەیە کۆتایی بێ و هێشتا هەر ڕاڕام کۆتایی پێ بهێنم. [*باوێشك*] ئۆوو... بڕوانن، خەریکی چیم، چاکتر وایە بچم بنووم. [*فیکەیەك لێ دەدات، کلۆف بەخێرایی دێتە ژوورەوە، لە*

تەنیشت کورسییەکە دەوەستێ] تۆ ئاو و هەوا بۆگەن دەکەی.
[*کاتێک*] ئامادەم بکە، دەچم ڕادەکشێم.
کلۆف: کەمێک لەمەو پێش هەڵمساندیت.
هام: ئەی دوایی؟
کلۆف: ناتوانم هەر پێنج دەقیقە جارێک پاڵت بخەم و هەڵتسێنم. [ساتێک] ناتوانم، کارم هەیە.
هام: تۆ هەرگیز چاوەکانی منت نەدیون؟
کلۆف: نا.
هام: هەرگیز فزوڵی نەبوویت، بۆ نموونە، لە کاتێکدا خەوتبم، چاوێلکەکانم لابدەیت و تەماشای چاوم بکەی؟
کلۆف: یانی برژنگەکانت بەرز بکەمەوە؟ [*کاتێک*] نەخێر.
هام: ڕۆژێک پێشانتیان دەدەم. [*کاتێک*] پێ دەچێ تەواو سپی بن. [*کاتێک*] سەعات چەندە؟
کلۆف: هەر وەکوو خۆیەتی
هام: تەماشات کرد؟
کلۆف: ئا.
هام: ئەی پاشان؟
کلۆف: سفر.
هام: کەواتە دەبوو باران بباریایە!
کلۆف: نا، بەم زووانە نابارێت.
هام: ئەی وەکی تر، چۆنی؟
کلۆف: سکاڵا لە حاڵی خۆم ناکەم.
هام: هەست دەکەیت لە وەزعی خۆتدا بیت؟
کلۆف: [تووڕە] پێت دەڵێم سکاڵا ناکەم.
هام: من هەست دەکەم کەمێک هەزەلیم. [*ساتێک*] کلۆف...

کلۆف: ئا

هام: زۆرت بۆ نەهاتووە؟

کلۆف: با [*ساتێك*] لە چی؟

هام: لە ئەو... لەو شتە؟

کلۆف: بەڵام هەمیشە هەروایە. [*کاتێك*] ئەی تۆ، نا؟

هام: [*دەموچاوی گرژ*] کەواتە هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی ئەوە بگۆڕدرێت؟

کلۆف: دەتوانرێ تەواو بێ. [*کاتێك*] هەموو ژیان هەر هەمان ئەو پرسیارانە و هەر هەمان ئەو وەڵامانەن.

هام: ئامادەم بکە. [*کلۆف ناجووڵێ*] بڕۆ چەرچەفەکە بهێنە. [*کلۆف ناجووڵێ*] کلۆف!

کلۆف: ئا.

هام: هیچت نادەمێ بیخۆیت.

کلۆف: ئەو کاتە دەمرین.

هام: هەر هێندەت دەدەمێ کە نەمری، هەموو کاتێ هەر برسیی بی.

کلۆف: ئەوکاتە نامرین. [*ساتێك*] دەچم چەرچەفەکە دەهێنم. [*دەچێت بۆ لای دەرگاکە*]

هام: پێویست ناکا [*کلۆف دەوەستێ*] ڕۆژی یەك پسکویتت دەدەمێ. [*ساتێك*] پسکیت و نیوێك. [*ساتێك*] تۆ بۆچی لەگەڵ من دەمێنیتەوە؟

کلۆف: ئەی تۆ بۆچی من ڕادەگری؟

هام: کەسێکی تر نییە.

کلۆف: شوێنێکی تر نییە. [*ساتێك*]

هام: لەگەڵ ئەوەش وازملێدەهێنی.

کلۆف: هەوڵ دەدەم.

هـام: تۆ منت خۆشناویٚ؟

کلۆف: نەء.

هـام: جاران منت خۆشدەویست.

کلۆف: جاران.

هـام: زۆر ئازارم دایت. [*ساتێك*] وا نییە؟

کلۆف: مەسەلەکە ئەوە نییە.

هـام: [*زێدەڕۆیی*] زۆر ئازارم نەدایت؟

کلۆف: با.

هـام: [*بەڕاحەتییەوە*] ئاهـ... سەربارى ئەوەش. [*ساتێك. بە ساردییەوە*] ببوورە. [*ساتێك. بەهێزتر*] وتم ببوورە.

کلۆف: گوێم لێتە. [*ساتێك*] چییە خوێنت بەر بووە؟

هـام: زۆر نا، [*ساتێك*] کاتی حەبی هێور کردنەوەکەم نەهاتووە؟

کلۆف: نا.

هـام: چاوەکانت چۆنن؟

کلۆف: خراپن.

هـام: قاچەکانت چۆنن؟

کلۆف: خراپن.

هـام: بەڵام دەتوانیت بجووڵێت؟

کلۆف: ئا.

هـام: [*بە توند و تیژییەوە*] کەواتە بجووڵێ. [*کلۆف تا دیوارى پشتەوەى شانۆکە دەڕوات، نێوچەوان و دەستى دەدات بەسەر دیوارەکە*] تۆ لەکوێیت؟

کلۆف: لێرە.

هـام: وەرەوە. [*کلۆف دەگەڕێتەوە جێگاکەى خۆی، لە تەنیشت کورسییەکە*]

هـام: بۆچی نامکوژی؟

کلۆف: ئاخر کۆدی کردنەوەی دۆلابەکە نازانم. [*ساتێك*]

هام: برۆ دوو تایەی پاسکیلم بۆ بهێنە.

کلۆف: تایەی پاسکیلی هیچ لێ نەماوە.

هام: ئەی چیت لە پاسکیلەکەت کردوە؟

کلۆف: هەرگیز پاسکیلم نەبووە.

هام: ئەم شتە مەحاڵە.

کلۆف: ئەو دەمەی هێشتا پاسکیل هەبوو، دەگریام بۆ ئەوەی دانەیەکم هەبێ، بە دەور و پشتت دەهاتم. پێت دەوتم برۆ لاچۆ، خەوی پێوە ببینە، ئێستا هیچی لێ نەماوە.

هام: ئەی بازاڕ کردنەکانت؟ کاتێ دەڕۆیشتی بۆ ئەوەی ئەو هەژارانەم ببینی، هەمیشە هەر بە پێ دەچوویت؟

کلۆف: هەندێ جار بە سواری ئەسپ دەچووم. [*سەری یەکێ لە تەنەکە خۆڵەکان بەرز دەبێتەوە و دەستەکانی ناگ بە دیار دەکەون و بە قەراخی تەنەکە خۆڵەکەوە گیردەبن، دواتر سەری بەدیار دەکەوێ. کڵاوێکی نووستنی لەسەر دایە، سیمای زۆر سپییە. ناگ باوێشك دەدات و پاشان گوێ دەگری*]

کلۆف: بەجێت دەهێڵم، کارم هەیە.

هام: لە موبەقەکەت؟

کلۆف: ئا.

هام: لە دەرەوەی ئێرە مردنە. [*کاتێك*] چاکە، دەی برۆ بۆ ئەوێ. [*کلۆف دەچێتە دەرەوە، کاتێك*] بەرەو پێش دەچێت.

ناگ: شۆرباکەم.

هام: وەچە نەفرەت لێ کراو.

ناگ: شۆرباکەم.

هام: بیر نەماوە. خواردن، خواردن، تەنها بیر لەوە دەکەنەوە. [فیکەیەك *لێ*

*دەدات، کلۆف دێتە ژوورەوە و لە تەنیشت کورسییەکەوە دەوەستێ.]* ئەوەتا... وامزانی دەڕۆیت بەجێم دەهێڵی.

کلۆف: ئۆو... جارێ نا، جارێ نا.

ناگ: شۆرباکەم.

هام: شۆرباکەی بدەرێ.

کلۆف: شۆرباکەی لێ نەماوە.

هام: [بە ناگ] شۆربا نەماوە. ئیتر قەت شۆربات نادەنێ.

ناگ: شۆرباکەم دەوێ.

هام: پسکیتێکی بدەرێ. [کلۆف دەچێتە دەرەوە] زیناکاری نەفرەت لێکراو. کۆڵەکانت چۆنن؟

ناگ: خۆت خەریکی کۆڵەی من مەکە. *[کلۆف دێتە ژوورەوە، پسکیتێکی پێیە]*.

کلۆف: هاتمەوە و پسکیتەکەشم پێیە. *[پسکیتەکەی دەخاتە نێو دەستی ناگ، ئەویش وەری دەگرێ، ئەم دیو ئەو دیوی دەکا، بۆنی دەکا]*

ناگ: *[بەنووزەوە]* ئەمە چییە؟

کلۆف: ئەمە پسکیتی جارانە.

ناگ: زۆر ڕەقە، ناتوانم بیخۆم.

هام: دەمت داخە. *[کلۆف، ناگ بە پاڵ دەخاتە ناو زبڵدانەکە و سەری دادەپۆشێ]*

کلۆف: *[دەگەڕێتەوە جێگاکەی خۆی، لە تەنیشت کورسییەکە]* گەر پیرێتی بیزانیبا.

هام: لەسەری دانیشە.

کلۆف: ناتوانم دانیشم.

هام: ڕاستە، منیش ناتوانم بەپێوە بوەستم.

کلۆف: ئیتر هەر وایە.

هام: هەر یەکەو تایبەتمەندیی خۆی. *[ساتێك]* جەرەسی تەلەفۆنەکە لێی نەدا؟ *[ساتێك]* ئەی پێکەنین؟

کلۆف: *[پاش بیرکردنەوە]* من تەحەموولی ناکەم.

هام: *[بیر دەکاتەوە]* نا، منیش. *[ساتێك]* کلۆف!

کلۆف: ئا.

هام: سروشت ئێمەی لەبیر چووە!

کلۆف: سروشتی لێ نەماوە.

هام: سروشتی لێ نەماوە! موبالەغە دەکەیت.

کلۆف: لەم دەوروبەرە!

هام: بەڵام خۆ هەناسە دەدەین، دەگۆڕدرێین، قژمان دەوەرێ، دانمان دەکەوێ! تەڕوبڕیمان لەدەست دەدەین، هزرمان ون دەکەین!

کلۆف: کەواتە سروشت ئێمەی لە بیر نەکردووە!

هام: بەڵام تۆ دەڵێیت کە لێرە سروشتی لێ نەماوە.

کلۆف: *[بەخەمگینی]* هیچ کەس لەم دونیایە وەك ئێمە بە خواروخێچی بیری نەکردووەتەوە.

هام: ئەوەی لە توانامانداية ئەوە دەیکەین.

کلۆف: هەڵەین.

هام: *[ساتێك]* تۆ لەو باوەڕەدایت کە یەك پارچەبیت... ها؟

کلۆف: هەزار. *[ساتێك]*

هام: خێرا ناگوزەرێ. *[ساتێك]* کاتی حەبی هێورکردنەوەکەم نەهاتووە؟

کلۆف: نا. *[ساتێك]* جێت دەهێڵم کارم هەیە.

هام: لە موبەقەکەت؟

کلۆف: ئا.

هام: لەخۆم دەپرسم، ئاخۆ چی دەکا؟

کلۆف: تەماشای دیوارەکە دەکەم.

هـام: دیـوارەکـە! لـەسەر دیـوارەکـە چـی دەبـیـنـی؟ مـانـیّ، مـانـیّ، جـەستـە
رووتـەکان؟

کلۆف: ڕووناکیی خۆم دەبینم کە دەمریّ.

هـام: رووناکی خۆت کە... دەبیّ مەبەستت چی بیّ! ئەویش وەکوو هەموو
شتـەکـان لـێرە دەمـریّ. کـەمـێك تـەمـاشای مـن بـکـە ئـەو کـاتـەی
هـەواڵەکانی رووناکیی خۆتم پیّ دەڵێت.

کلۆف: [*ساتێك*] تۆ هـەڵەیت گەر بەم شێوەیە قسەم لەگڵ بکەی. [*ساتێك*]

هام: [بە *ساردییەوە*] بمبوورە. [*ساتێك* بەهێزتر] وتم بمبوورە.

کلۆف: گویّم لێتە. [*ساتێك. سەرقاپی تەنەکە خۆڵەکەی ناگ بەرز دەبێتەوە،
دەستەکانی بە دیار دەکەون و بە قەراخی تەنەکە گیر دەبن. دواتر
سەری دەردەکـەویّ. لەنێو دەستێکیدا پسکیتـی تێدایە. ناگ گویّ
دەگریّ.*]

هام: تۆوەکانت سەوز نەبوون، سەریان دەرنەهێناوە؟

کلۆف: نا.

هام: زەوییەکەت نەکڕاندووە بۆ ئەوەی بزانی ئاخۆ سەریان دەرهێنابیّ؟

کلۆف: سەریان دەرنەهێناوە.

هام: ڕەنگە هێشتا زۆر زوو بیّ؟

کـلـۆف: گـەر بـیـان تـوانـیـایـە سەر دەرهـێنن، ئـێستـا دەمـێك بـوو سەریـان
دەرهێنا بوو. نا هەرگیز سەر دەرناهێنن. [*ساتێك*]

هام: کەمێك لەمەو بەر لە ئێستا خۆشتر بوو. [*کاتێك*] بەڵام هەمیشە
کۆتایی ڕۆژ هەر بەم شێوەیەیە. وانییە کلۆف؟

کلۆف: هەمیشە.

هام: ئەمەش کۆتایی ڕۆژێکە وەك ڕۆژەکانی تر. وانییە کلۆف؟

کلۆف: لەوە دەچیّ. [*ساتێك*]

هام: [بە *ڕاڕاییەوە*] بەڵام چی قەوما، چی ڕووی دا؟

کلۆف: شتێك بەرێچکەی خۆیدا دەڕوات. [*ساتێك*]

هام: چاکە، لێرە برۆ، دەی، [*سەری لار دەکاتەوە و دەیخاتە سەر ئانیشکی کورسییەکە. بێ جووڵە دەمێنێتەوە، کلۆف ناجووڵێ، ئاهێکی گەورە هەڵدەکێشێ، هام ڕاست دەبێتەوە.*] وامزانی پێم وتویت لێرە برۆیت.

کلۆف: هەوڵ دەدەم.. [دەچێت بۆ لای دەرگاکە، دەوەستێت] لەو ڕۆژەوەی لە دایك بووم. *[دەچێتە دەرەوە].*

هام: بەرەو پێش دەچێت. [*سەری لار دەکاتەوە و دەیخاتە سەر ئانیشکی کورسییەکە، بێ جووڵە دەمێنێتەوە، ناگ دەکێشێ بەسەر قاپی تەنەکە خۆڵەکەی تر. (ساتێك) بە توندی پیای دەکێشی، سەرقاپەکە بەرز دەبێتەوە دەستەکانی نیل دەردەکەون، بە قەراخی تەنەکەکەو، گیر دەبن، پاشان بەرەبەرە سەری دیار دەکەوێ. کڵاوێکی چنراوی لەسەردایە. سیمای زۆر سپییە].*

نیل: ئەوە چییە، چی ڕووی داوە خڕتۆڵەکەم؟ خرۆشانی جەستەیە دیسان؟

ناگ: نووستبووی؟ نا؟

نیل: نا.

ناگ: ماچ.

نیل: ناتوانین.

ناگ: با هەوڵبدەین. *[سەریان بە زەحمەت لە یەکتر نزیك دەکەنەوە، ناتوانن بەریەك بکەون، جیادەبنەوە].*

نیل: هەموو ڕۆژێك ئەم گاڵتە جاڕییە بۆچی؟

ناگ: ددانم کەوتووە.

نیل: ئەمە کەی؟

ناگ: دوێنێ ئەو ددانەم مابوو.

نیل:(*بە لەباقەت*) ئاهـ.. دوێنێ! [*بە زەحمەت بەدەوری یەکتردا دەسووڕێن*]

ناگ: دەمبینی؟

نیل: باش نا، ئەی تۆ؟

ناگ: چی؟

نیل: دەمبینی؟

ناگ: باش نا.

نیل: ئەو چاتر، ئەو چاتر.

ناگ: وا مەڵێ. [*ساتێك*] چاومان کز بووە. [*یەك بەدەوری ئەوی تردا دەسوورێ*]

ناگ: گوێت لێمە؟

نیل: ئا بەڵێ، ئەی تۆ؟

ناگ: ئا [*ساتێك*] گوێمان گران نەبووە.

نیل: چیمان؟

ناگ: گوێمان.

نیل: نا. [*ساتێك*] هیچی ترت هەیە پێمی بڵێیت؟

ناگ: دێتەوە یادت؟

نیل: نەخێر.

ناگ: ڕووداوی عەرەبانە چوار ئەسپییەکەی قاچمان لێوە شۆڕ کردبووەوە؟ [*پێدەکەنن*]

نیل: ئەوە لە ناوچەی ئاردێن بوو. [*بە گوڕوتینێکی کەمتر پێدەکەنن*]

ناگ: ئەو کاتەی دەمانویست لە ڕێگاکە لابدەین و بەرەو سێدان بڕۆین. [*کەمتر پێدەکەنن*] سەرماتە؟

نیل: ئا، زۆرم سەرمایە، ئەی تۆ؟

ناگ: من ڕەق بوومەوە. [*ساتێك*] دەتەوێ بچینە ژوورەوە؟

نیل: ئا.

ناگ: کەواتە با بچینە ژوورەوە. [*نیل ناجووڵێ*] بۆچی ناچیتە ژوورەوە؟

نیل: نازانم.

ناگ: ئاردەدارەکەتیان گۆڕیوە؟

نیل: ئەوە ئاردەدار نییە. [*ساتێك* بە *بێزارییەوە*] ناگ تۆ ناتوانی کەمێك بە وردی و بە ڕوونی بدوێیت!

ناگ: لم، لمەکەت. دەی باشە ئەوە گرنگیی چییە؟

نیل: با گرنگە. [*ساتێك*]

ناگ: جاران ئاردەدار بوو.

نیل: بەڵێ، وایە.

ناگ: ئێستا ئەوە لمە. [*ساتێك*] لمی کەنار دەریا. [*ساتێك.* بەهێزتر] ئێستا ئەو لمەیە کە لە کەنار دەریاوە دەیهێنن.

نیل: ئا وایە.

ناگ: هیچی لە تۆ گۆڕیوە؟

نیل: نا.

ناگ: هیچی لە منیش نەگۆڕیوە. [*ساتێك. پسکیتەکەی پێشان دەدات*] لەتێکیت دەوێ؟

نیل: نا. [*ساتێك*] لەتی چی؟

ناگ: لەتێك پسکیت. لەتێکم بۆ تۆ هەڵگرتووە. [*تەماشای پسکیتەکە دەکا،* بە *شانازییەوە*] سێ بەشی بۆ تۆ، بگرە. [*پسکیتەکەی بۆ درێژ دەکا*] نا؟ [*کاتێك*] نابێت؟

هام: [بە بێزارییەوە] بێ دەنگ بن، دەمتان داخەن، بەنزمی قسە بکەن، بەم شێوەیە ئێوە نایەڵن بنووم. [*ساتێك*] گەر بنووستمایە لەوانەبوو خۆشەویستیم بکردایە. دەچوومە نێو دارستانەکە، ئاسمان، زەویم ببینایە.. ڕامکردبا، بەدووم کەوتبان، هەڵهاتبام... [*ساتێك*] سروشت! [*ساتێك*] دڵۆپێك ئاو لە ناو کەللەی سەرمدایە. [*ساتێك*] دڵێك، دڵێك لە ناو کەللەی سەرمدایە.

ناگ: [*بەنزمییەوە*] گوێت لێ بوو؟ دڵێك لە ناو کەللەی سەریدایە! (*بەوریاییەوە قاقا لێ دەدات*)

نیل: ناگ نابێ بەو شتانە پێبکەنی. بۆچی هەمیشە دەبێ پێیان پێبکەنرێ؟

ناگ: ئەوەندە بەرز نا.

نیل: [*بێ ئەوەی دەنگی نزم بکاتەوە*] هیچ شتێ لەم دنیایە لە کڵۆڵێ سەیر و هەزەلی تر نییە، گوێ بگرە پێتی دەڵێم، بەڵام...

ناگ: [*گورەی دەکا*] ئۆهۆ!

نیل: با، با وایە. هەزەلیترین شتە لەم دنیایە. ئێمەش پێی پێدەکەنین، پێی پێدەکەنین، بە دڵێکی سافەوە، لە سەرەتاوە. بەڵێ هەمیشە هەر هەمان شتە. بەڵێ وەك ئەو چیرۆکە خۆشەی کە چەندان جار بۆمان دەگێڕنەوە کە هەمیشەیش بە خۆشی دەزانین و کەچی پێشی پێ ناکەنین [*ساتێك*] شتێکی ترت هەیە پێمی بڵێی؟

ناگ: نا.

نیل: چاك بیر بکەرەوە. [*ساتێك*] کەواتە دەڕۆم بەجێت دەهێڵم.

ناگ: پسکیتەکەت ناوێ؟ [*ساتێك*] بۆتی هەڵدەگرم. [*ساتێك*] وامزانی بەجێم دەهێڵی؟

نیل: دەڕۆم بەجێت دەهێڵم.

ناگ: نا، پێش ئەوە دەتوانی بمخورێنی؟

نیل: نەخێر. [*ساتێك*] کوێت؟

ناگ: پشتم.

نیل: نەخێر. [*ساتێك*] خۆت هەڵسوو لە قەراغی تەنەکەی خۆڵەکە.

ناگ: لە خواروو ترە. [*ساتێك*] ناو چاڵەکەیە.

نیل: کام چاڵ؟

ناگ: ناو چاڵەکە. [*ساتێك*] ناتوانی؟ [*ساتێك*] دوێنێ ئەوێت خوراندم.

نیل: [*سکاڵا*] ئاه.. دوێنێ!

ناگ: ناتوانی؟ [*ساتێك*] ئەی ناتەوێ من کەمێك بتخورێنم؟ [*ساتێك* ] هێشتا هەر دەگریت؟

نیل: هەوڵ دەدەم. [*ساتێك*]

هام: لەوانەیە ئەمە دەماری خوێن بێ. [*ساتێك*]

ناگ: چیت گوت؟

نیل: لەوانەیە ئەمە دەمارێکی بێ.

ناگ: یانی چی؟ [*ساتێك*] ئەمە هیچ مانایەکی نییە. [*ساتێك*] چیرۆکی بەرگ درووەکەت بۆ بگێڕمەوە!

نیل: بۆچی؟

ناگ: بۆ ئەوەی دەموچاوت چرچ نەبێ.

نیل: هەزەلی نییە.

ناگ: هەمیشە تۆی دەهێنایە پێکەنین. [*ساتێك*] یەکەم جار کە بۆم گێڕایتەوە، وا هەستم دەکرد کە لە پێکەنینا دەمری!

نیل: ئەوە لە کەنار دەریاچەکەی "کۆم" بوو. [*ساتێك*] پاش نیوەڕۆیەکی مانگی "نیسان" بوو. [*ساتێك*] بڕوا دەکەیت؟

ناك: چی؟

نیل: کە ئێمە لە کەنار دەریاچەی کۆم پیاسەمان کردبێ؟ [*ساتێك*] پاش نیوەڕۆیەکی مانگی نیسان؟

ناگ: ڕۆژێ پێشتر ئاهەنگی مارەبڕینمان بوو.

نیل: مارەبڕین!

ناگ: تۆ ئەوەندە پێکەنیت خەریك بوو هەڵمان بگێڕیتەوە. هێندەی نەما بوو بخنکێین.

نیل: لەبەر ئەوە بوو هەستم دەکردزۆر خۆشحاڵم.

ناگ: نەخێر، نەخێر لەبەر ئەوە نەبوو، لەبەر چیرۆکەکەی من بوو. بەڵگەشم ئەوەیە ئەوەتا ئێستاش هەر پێدەکەنی.

نیل: زۆر قووڵ بوو، قووڵ. قووڵایی ژێر ئاوەکەمان دەبینی. زۆر سپی بوو، زۆر ساف بوو.

ناگ: دیسانەوە گوێی لێ بگرە. [دەنگی *چیرۆکخوان*] پیاوێکی ئینگلیز. [لاسایی *سیمای ئینگلیزدەکات، سیمای خۆی وەدەگرێتەوە.*] بۆ جەژنی سەری ساڵ دەیویست پانتۆڵێکی بەخێرایی بۆ بدوورن. بۆ ئەم مەبەستە دەچێتە لای بەرگدرووەکەی و ئەویش پێوانەی دەگرێ. [دەنگی بەرگدروو] ئەوەی پێویست بوو کردمان، برۆ دوای چوار ڕۆژی تر وەرەوە، پانتۆڵەکەت ئامادە دەبێ. چاکە. چوار ڕۆژ دواتر. [دەنگی بەرگدروو] سۆری، دوای هەشت ڕۆژی تر وەرەوە، هەروا ئاسان نییە، دامێنەکەیم هێشتا تەواو نەکردووە. هەشت ڕۆژ دواتر. [دەنگی بەرگدروو] ببوورە دە ڕۆژی تر وەرەوە، ناولینگەکەیم لەدەست دەرچوو. چاکە، وایە ناولینگەکەی زەحمەتە. دە ڕۆژ دواتر. [دەنگی بەرگدروو] بەداخەوە، زنجیرەکەیم سەقەت کرد، برۆ پانزە ڕۆژی تر وەرەوە. چاکە، لەکاتی پێویست زنجیرێکی جوانی پێوە دروو. [*ساتێك. دەنگی ئاسایی*] باشی ناگێڕمەوە. [*ساتێك. غەمبار*] جار دوای جار ئەم چیرۆکە خراپتر دەگێڕمەوە. [*ساتێك.* دەنگی بەرگدروو] دوا جار بەکورتی، دەزوو هەر بە دەرزییەوە بوو، وا جەژنی زیندوو بوونەوەی مەسیحیش هات و بە گوڵ ڕازایەوە و کەچی ئەو هێشتا قۆپچەکانی تەواو نەکردبوون. [*سیمای موشتەری پاشان دەنگی*] بەڕێز، وانابێ، بەڕاستی عەیبە، ڕاستنییە! بە شەش ڕۆژ، گوێت لێیە، بە شەش ڕۆژ خوا هەموو دنیای دروست کرد. بەڵێ، بەڕێز، تەواوی دنیا. کەچێ جەنابیشت بە سێ مانگ نەتوانی پانتۆڵێك بۆ من هەڵبدووری. [دەنگی بەرگدروو بە *هاتوهۆریاوە*] هێی بەڕێزی زەنگین، بڕوانە ئەم دنیایە. [*جووڵانەوەی قێزکردنەوە*] پف لەم دنیایە. [*ساتێك*] ئەی تەماشاکەن! [*جووڵانەوەی خۆشەویستی دەربڕین و لوت بەرزی*]

ئەم پانتۆڵەی من؟ [*ساتێك. چاو دەبڕێتە نیل کە هێمن و ئارامە و چیرۆکەکە کاری تێ نەکردووە و چاوەکانی غەمبارن.* پێکەنینێکی *تیژی دەستکرد. دەیپچڕێنێ، سەری دەبات بۆ لای نیل. سەر لە نوێ* پێدەکەنێ]

هام: بەسیەتی! (*ناگ دادەچڵەکێ، پێکەنینەکەی دەگرێ*)

نیل: قووڵایی ژێر ئاوەکەمان دەبینی.

هام: [*بە تووڕەییەوە*] تەواو نەبوون؟ ئەی ئێوە هەرگیز تەواو نابن؟ [*لە پڕێکا تووڕە و هەڵچوو*] کەواتە ئەمە هەرگیز تەواو نابێ. کۆتایی نایەت. [*ناگ خۆی نقومی زبڵدانەکە دەکا، سەرقاپەکەی دادەپۆشێ، نیل ناجووڵێ*] دەربارەی چیتر دەتوانن قسە بکەن. دەتوانن دەربارەی چیتر هەمدیسان بدوێن؟ [*شێتانە*] مەملەکەتی من لەمەودوا بۆ کەسانی قوڕاوییە. [*فیکە لێ دەدات کلۆف دێتە ژوورەوە*] ئەم پیس و چەپەڵانەم لێ دووربخەرەوە، فڕێیاندە نێو دەریاوە. [*کلۆف دەچێت بۆ لای تەنەکە خۆڵەکان، دەوەستێ*]

نیل: ئەوەندە سپی بوو.

هام: چی؟ باسی چی دەکەیت؟ [*کلۆف بەسەر نیل دا دەچەمێتەوە، مەچەکی دەگرێ و فەحسی دەکا*]

نیل: [*بە نزمی بە کلۆف*] بیابان. [*کلۆف مەچەکی بەردەدات، دەیخاتە ناو تەنەکە خۆڵەکە، سەرقاپەکەی دادەپۆشێ، ڕاست دەبێتەوە*]

کلۆف: [*دەگەڕێتەوە بۆ جێگاکەی خۆی لە تەنیشت کورسییەکە*] نەبزی لێنادات.

هام: ئەو پۆدرەیە بۆ ئەو مەبەستە زۆر نایابە. ئەی فلّتە فلّتی چیتری دەکرد؟

کلۆف: پێی وتم کە بچم بۆ بیابان.

هام: تەماشا خۆم لە چی هەڵدەقورتێنم؟ هەرئەوەندە؟

کلۆف: نا.

هـام: ئەی چیتر؟
کلۆف: تێنەگەیشتم.
هـام: ئەی دەمیت داخست؟
کلۆف: ئـا.
هـام: هـەردووکیـان دەمیـان داخرا.
کلۆف: ئـا.
هـام: سەرقـاپەکانییـان توند دەگرین. [*کلۆف دەچێت بۆ لای دەرگاکە*] پەلە مـەکـە. [*کلـۆف دەوەستـێ*] وا خـەریکـە تـووڕەییـم خـاو دەبێتـەوە. دەمەوێ میز بکەم.
کلۆف: دەچم قەعدەو سۆندەی میز دەهێنم.
هـام: پەلە مەکە، پەلەم نییە. [*کلۆف دەوەستێ*] حەبی هێور کردنەوەکەم بدەرێ.
کلۆف: زۆر زووە. [*ساتێك*] دوای مقەوییەکان ئێستا زووە، دەنا کاریگەری نـابێ.
هـام: بەیانیان بە مقەوی وریات دەکەمەوە، ئێوارانیش بە حەبی خەو گێژت دەکەم. لانی کەم هـەر بە پێچەوانەوە نـەبێ. [*ساتێك*] ئەو دکتۆرە پیرە بە شێوەیەکی سروشتی مرد؟
کلۆف: پیر نـەبوو.
هـام: بەڵام خۆ مرد؟
کلۆف: بەڵێ بێگومـان، بێگومان [*ساتێك*] بۆ، ئەو پرسیـارەم لێ دەکەی؟ [*ساتێك*]
هـام: کەمێك بمگەڕێنە. [*کلۆف دەچێتە پشت کورسییەکە و بۆ پێشەوە پاڵ دەنێ*] زۆر خـــێرا نـــا! [*کلـۆف بـۆ پێشەوە پـاڵدەنـێ*] بمگـەڕێنـەو بـەدەوری جیـهـانـدا. [*کـلـۆف کـورسیـیـەکـە بـۆ پـێشەوە دەبـات*] دیـوارەکـان بـڕمـێنـە. پـاشان بمهێنـەوە بۆ چەقی ئـەم شوێنـە. بـۆ

نـاوەڕاستـی ئـەم جێگایـە. [*کلۆف پاڵدەنێ*] لـە نـاوەڕاست بـووم وانییە؟

کلۆف: با.

هـام: پـێویستـمـان بـە کـورسییـەکی ڕەوڕەوەداری چـاك هـەیـە. ڕەوڕەوەی گەورەی لە ژێر بێ، ڕەوڕەوەی پاسکیل. [*کاتێك*] دەرمێنی؟

کلۆف: ئا.

هـام: [*هەوڵ دەدا دەستی بەر دیوارەکە بکەوێ*] ڕاست نییە، بۆچی درۆم لەگەڵ دەکەی.

کلۆف: [*زیاتر بە دیوارەکەوە دەینوسێنێ*] ئێرە، ئێرە.

هـام: ستۆپ، بوەستە. [*کلۆف کورسییەکە لە نزیك دیواری پشتەوە ڕادەگرێ. هـام دەست دەخـاتـە سەر دیـوارەکـە. کـاتـێك*] هـای پـیـرە دیـوار. [*ساتێك*] لـە ئـەو دیـوی، جـەهـەنـەمـێکـی... تـرە. [*کاتێك. بەتوندوتیژییەوە*] زۆر لە نزیکییەوە، ڕێك بەرامبەری!

کلۆف: دەستت لابە. [*کلۆف کورسییەکە بە دیوارەکەوە جووت دەکا*] ئێرە! [*هـام بۆ لای دیوارەکە خۆی لار دەکا و گوێی پێوە دەنێ*]

هـام: گوێت لێیە؟ [*بە پەنجەی نوشتاوی دەدا بە دیوارەکەدا. ساتێك*] خشتی بۆش. گوێت لێیە [*دیسان پیای دەدا*] هەموو ئەمانە بۆشن. [*کاتێك خۆی ڕاست دەکاتەوە، بەتوندوتیژییەوە*] بەس، بـا بـەس بێ، بـا بگەڕێینەوە. با بچینە ژوورەوە.

کلۆف: خۆ پیاسەمان نەکرد!

هـام: بمگەڕێنەوە جێگاکەی خۆم. [*کلۆف کورسییەکە دەباتەوە جێگاکەی خۆی و ڕای دەگرێ*] ئێرە جێگای منە؟

کلۆف: بەڵێ جێگای تۆ ئێرەیە.

هـام: بەتەواوی لە ناوەڕاستدام.

کلۆف: با بیپێوم.

هام: بە تەقریبی، بە تەقریبی.
کلۆف: ئێرەیە. (*کورسییەکە کەمێك دەجوولێنێ*)
هام: بە تەقریبی لە ناوەڕاستی جێگاکەم؟
کلۆف: دەچم شاقوڵ و مەترەکە دەهێنم.
هام: بە مەزەنە، بە مەزەنە، نزیکی ئەوێ، نزیکی ئەوێ. [*کلۆف هەر لەخۆیەوە کەموزۆر جێ گۆڕکێ بە کورسییەکە دەکا*] تەواو لەناوەڕاست دامبنێ.
کلۆف: ئێرە. [*ساتێك*]
هام: وا هەست دەکەم کەمێ زیاتر لەلای چەپ بم. [*کلۆف بەرەبەرە کورسییەکە دەگوێزێتەوە*] ئێستا وا هەست دەکەم کەمێ زیاتر لەلای ڕاست بم. [*هەمان گەمە*] ئێستا هەست دەکەم کەمێك زیاتر لەلای پێشەوە بم. [*هەمان گەمە*] ئێستا وا هەست دەکەم کەمێ زیاتر لە دواوە بم. [*هەمان گەمە*] لاچۆ لە پشت ئەو کورسییەوە، تۆ دەمترسێنی. [*کلۆف دەگەڕێتەوە جێگاکەی خۆی لە تەنیشت کورسییەکە.*]
کلۆف: گەر بمتوانیایە بیکوژم، بۆخۆم بە ئاسودەیی دەمردم. [*سایك*]
هام: ئاووهەوا چۆنە؟
کلۆف: هەروەك خۆیەتی.
هام: تەماشای زەوییەکە بکە.
کلۆف: تەماشام کرد.
هام: بە دووربینەکە؟
کلۆف: نا پێویست بە دووربین ناکات.
هام: با، بە دووربینەکە تەماشا بکە.
کلۆف: دەچم دووربینەکە دەهێنم. [*کلۆف دەچێتە دەرەوە*]
هام: پێویست بە دووربین ناکات. [*کلۆف دێتە ژوورەوە و دووربینێکی پێیە*]

کلۆف: گەڕامەوە و دووربینەکەشم هێنا. [دەچێت بۆ لای پەنجەرەی لای ڕاست و تەماشا دەکا] پێویستم بە پەیژەکە هەیە.

هام: بۆچی؟ کورت بوویتەوە؟ [کلۆف دەچێتە دەرەوە دووربینەکەشی بە دەستەوەیە] خۆشییم بەمە نایەت. خۆشییم بەمە نایەت. [کلۆف دێتە ژوورەوە و پەیژەکەی پێیە، بەڵام بەبێ دووربینەکە]

کلۆف: پەیژەکەم هێنا. [لە ژێر پەنجەرەی لای ڕاست دای دەنێ، سەردەکەوێتە سەری، بیری دەکەوێتەوە کە دووربینەکەی پێ نییە، دێتە خوارەوە] پێویستم بە دووربینەکەیە. [دەچێت بۆ لای دەرگاکە]

هام: [بە توندوتیژییەوە] ئەی خۆ دووربینەکەت پێیە!

کلۆف: [دەوەستێت و بە توندوتیژییەوە] نەخێر دووربینم پێ نییە! [دەچێتە دەرەوە]

هام: ئەمە یەکێکە لە کلۆڵەکان! [کلۆف دێتە ژوورەوە و دووردبینەکەی پێیە و بۆ لای پەیژەکە دەچێ]

کلۆف: دیسان بەزمەکە خۆش دەبێ. [دەچێتە سەر پەیژەکە و ئاراستەی دەرەوەی دەکا. لە دەستی دەترازێ و دەکەوێتە خوارەوە. کاتێك] خۆم بەئەنقەست خستم.

[دێتە خوارەوە، دووربینەکە هەڵدەگرێتەوە، فەحسی دەکا، ئاراستەی هۆڵەکەی دەکا] خەڵکێکی زۆر دەبینم... وڕێنە دەکەن. [کاتێك] ئای خۆ ئەمە بۆ دووربینین، دووربینە.

[دووربینەکە دادەگرێ و بەرەو هامی ئاراستەی دەکا] ئەی پێکەنین؟

هام: [بیر کردنەوە] من نا.

کلۆف: [بیر کردنەوە] نا، منیش نا. [دەچێتە سەر پەیژەکە، دووربینەکە ئاراستەی دەرەوە دەکا] با تەماشاکەین... [دووربینەکە دەگێڕێ] سفـــر... [ تەماشا دەکا] سفـــر... [تەماشا دەکا] ئــۆو، سفـر.

[دووربینەکە *دادەگرێ، بەرەو هام دەسوورێ*] ئەی ئێستا؟ دڵنیا بوویت؟

هام: هیچ شتێ ناجوولێ، هەموو لە

کلۆف: سسف.....

هام: [بە توندوتیژییەوە] لەگەڵ تۆم نییە. [دەنگی *ئاسایی*] هەموو شتەکان... هەموویان چین.

کلۆف: هەموویان ئەوەن کە؟ بە کورتی...ها؟ بە یەك وشە... حەز دەکەی بیزانی؟ یەك چرکە. [دووربینەکە *ئاڕاستەی دەرەوە دەکا. دای دەگرێ و* بەرەو *هام دەسوورێ*] مردوو ئامێزن. [*کاتێك*.] ئێستا ئاسوودە بوویت؟

هام: تەماشای دەریا بکە.

کلۆف: هەر هەمان شتە.

هام: دە تەماشای ئۆقیانووس بکە. [*کلۆف لە* پەیژەکە *دادەبەزێ. چەند هەنگاوێ بەرەو لای پەنجەرەی لای چەپ دەڕوا، دەگەڕێتەوە* پەیژەکە *هەڵدەگرێ، لە ژێر پەنجەرەی لای چەپ دای دەنێ، دەچێتە سەری، دووربینەکە ئاڕاستەی دەرەوە دەکا، زۆر تەماشا دەکا. لە جێی خۆی ڕادەپەڕێ، دووربینەکە دادەگرێ، فەحسی دەکا، سەر لە نوێ ئاڕاستەی دەکاتەوە.*]

کلۆف: شتی ئاوەها هەرگیز نەبینراوە!

هام: [*دوودڵە*] چییە: کەشتییەکی چارۆکەدارە؟ پەرپەرەیی کلکی ماسی؟ تۆپەڵێ دووکەڵ؟

کلۆف: [*بەردەوام تەماشا دەکا*] چرا بەندەر، چرا بەندەرەکە، ئەوەتا لەنێو تەنگەلانەیەکە.

هام: [*ئاسوودە*] پهههە.. ئەوە پێشتر هەر لەوێ بوو.

کلۆف: [*ئاسوودە*] بەشێکی بچووکی لەوێ مابووەوە.

هام: بناغەکەی؟

کلۆف: [*تەماشا دەکات*] ئا.

هام: ئەی ئێستا؟

کلۆف: [*هەمان شت*] هەر هیچ.

هام: نەورەسەکانی لێن؟

کلۆف: [*هەمان شت*] نەورەس؟

هام: ئەی لە ئاسۆ؟ هیچ شتێ بە ئاسۆوە نییە؟

کلۆف: [دووربینەکە *دادەگرێ، بەرەو هام دەسوورێ، بە پەستییەوە*] بە ئاسۆوە... چێت دەوێ هەبێ؟

هام: شەپۆلەکان، شەپۆلەکان چۆنن؟

کلۆف: شەپۆلەکان؟ [دووربینەکە *ئاراستە دەکا*] ڕێك وەستاون.

هام: ئەی خۆر؟

کلۆف: [*بەردەوام تەماشا دەکا*] لە نەبووندایە. [*لە بووندا* نییە]

هام: ئێستا دەبوو لە کاتی ئاوابووندا بووایە. باش بگەڕێ؟

کلۆف: قسەی قۆڕ.

هام: کەواتە دنیا تاریك بووە؟

کلۆف: [*بەردەوام تەماشا دەکا*] نا.

هام: ئەی چییە؟

کلۆف: [*بەهەمان شێوە*] خۆڵەمێشییە. [دووربینەکە *دادەگرێ و بۆ لای هام دەسووڕێ، زۆر بەهێزەوە*] خۆڵەمێشی. [*کاتێك. بەهێزترەوە*] خۆڵەمێش. [*لەسەر پەیژەکە دادەبەزێ، لە پشتەوە لە هام نزیك دەبێتەوە، بەگوێیدا دەچرپێنێ*]

هام: [*دادەچڵەکێ*] خۆڵەمێش! وتت خۆڵەمێش؟

کلۆف: ڕەشی کاڵ. لە هەموو گەردووندا.

هام: تۆ شت زۆر زل دەکەیت. [*ساتێك*] لاچۆ لەوێ دەمترسێنی. [کلۆف

*دەگەڕێتەوە بۆ جێگاکەی خۆی، لە تەنیشت کورسییەکە]*

کلۆف: هەموو ڕۆژێ ئەم گاڵتەجاڕیە بۆچی؟

هام: ڕۆتین، ڕۆتین. چووزانین بۆ چییە [*ساتێك*] ئەمشەو لەناو سینەمدا شتێکم بینی. ئازارێکی گەورەی لێ بوو.

کلۆف: هیچ نییە، ئەوە دڵی خۆت بینیوە.

هام: نا، شتێکی زیندوو بوو. [*ساتێك. خەمۆك*] کلۆف!

کلۆف: ئا.

هام: چی ڕوودەدا؟

کلۆف: شتێکی ئاساییە بەڕێچکەی خۆیدا دەڕوات. [*ساتێك*]

هام: کلۆف!

کلۆف: [*پەست*] چییە؟

هام: دەڵێم ئێمە لەوە ناچێ... هیچ مانایەکمان هەبێت؟

کلۆف: هیچ مانایەکمان هەبێت! من و تۆ، مانایەکمان هەبێت [*پێکەنینێکی کورت*] ئەمە شتێکی چاکە!

هام: لە خۆم دەپرسم. [*ساتێك*] گەر ژیرییەك بگەڕێتەوە سەر زەوی، تۆ بڵێی هەوڵبدات کۆمەڵێ وەهم بنیات بنێ بە مەبەستی ئەوەی چاودێریمان بکات؟ [*لاسایی دەنگی ژیری دەکاتەوە*] ئا ئەوەتا، دەزانم ئەوە چییە، دەزانم خەریکی چین! [*کلۆف دادەچڵەکێ، دووربینەکەی لە دەست بەردەبێتەوە، بە هەردوو دەستی خوارووی سکی دەخورێنێ. دەنگی ئاسایی*] باشە، گەر بیر لەوەش نەکەینەوە، ئەی ئێمە خۆمان. [*هەڵچوون*] ئێمە خۆمان لەنێو ئەو چرکەساتانەی دەیگوزەرێنین. [*بە گەڕوتی*] وا پێ دەچێ کە هەموو ئەو شتانە بەخۆڕایی ڕوویان نەدابێ!

کلۆف: [*پەست، خۆی دەخورێنێ*] کێچم هەیە.

هام: چیی؟ کێچ؟ بۆ کێچی لێ ماوە؟

کلۆف: بەس ئەسپێی بانە گا نەبێ!

هام: جا خۆ لەوێوە مرۆڤایەتی دەتوانێ دیسانەوە خۆی پێك بهێنێتەوە. بیگرە بۆ خاتری ئاسمان!

کلۆف: دەچم پۆدرەکە دەهێنم. [دەچێتە دەرەوە]

هام: کێچ! بەڕاستی ترسناکە! چ ڕۆژێکە! [*کلۆف دەگەڕێتەوە قووتوویەك دەرمانی مێرووکوژی پێیە*]

کلۆف: هاتمەوە و دەرمانی مێرووکوژەکەم هێنا.

هام: چاك بەسەریدا بپرژێنە، هەر هەمووی. [*کلۆف کراسەکەی لە پانتۆڵەکەی دەردەهێنێ، قۆپچەی سەرەوەی پانتۆڵەکەی دەترازێنێ و پانتۆڵەکە لە سکی دووردەخاتەوە و پۆدرەکە تیا دەڕێژێ. دادەنەوێتەوە، تەماشا دەکا، چاوەڕێ دەکا، خۆی ڕادەوەشێنێ، شێتگیرانە دیسان پۆدرەی بەسەردا دەکا، دەچەمێتەوە، تەماشا دەکا. چاوەڕێ دەکا.*]

کلۆف: ئای چەند سەر سوڕهێنەرە!

هام: کوشتت؟

کلۆف: وا پێ دەچێ. [*قتووەکە بەردەداتەوە و جلەکانی چاك دەکا*] بەس خوا بکا زاوزێ نەکا.

هام: زاوزێ! مەبەستت ئەوەیە کە بڵێی زیاد نەکا.

کلۆف: ئۆهۆ! دەڵێن زاوزێ، زاوزێ، یانی جووت بوون.

هام: جا خۆ ئەگەر جووت ببێ، ئەوە یانی بۆی پێوەناوین. [*ساتێك*]

کلۆف: ئەی ئەو میز کردنە؟

هام: هەر دەکرێ.

کلۆف: ئەوە چاکە، ئەوە چاکە. [*ساتێك*]

هام: [*بەگوڕەوە*] ئێمە هەردووکمان، بەرەو باشوور دەڕۆین، بۆ نێو دەریاش تۆ کەڵەکێکمان بۆ دروست دەکەی! با بۆ دوور دەمانبات،

بۆ لای شیردەرەکانی تر،

کلۆف: باسی کلۆڵی و ناخۆشی مەکە.

هام: بە تەنها، من بە تەنها دەچمە سەر ئەو کەڵەکە. دەی هەر ئێستا دەسبەجێ ئەو کەڵەکەم بۆ دروست بکە. سبەی لێرە دوور کەوتوومەوە.

کلۆف: [بە *خێرایی دەچێت بۆ لای دەرگاکە*] هەر ئێستا خەریکی دروستکردنی دەبم.

هام: بوەستە! [*کلۆف دەوەستێ*] لەو بڕوایە دای قرشی لێبێ؟

کلۆف: قرش؟ چووزانم. ئەگەر لێی بێ؟ [*بەرەو لای دەرگاکە دەچێت*]

هام: بوەستە جارێ. [*کلۆف دەوەستێ*] هێشتا وادەی حەبی هێورکردنەوەکەم نییە؟

کلۆف: [*بە توندوتیژییەوە*] نەخێر. [*دەچێت بەرەو لای دەرگاکە*]

هام: بوەستە. [*کلۆف دەوەستێ*] چاوەکانت چۆنن؟

کلۆف: خراپن.

هام: بەڵام خۆ دەبینن.

کلۆف: هێندەی پێویست بکا.

هام: قاچەکانت چۆنن؟

کلۆف: خراپن.

هام: بەڵام خۆ دەتوانن ڕێ بکەن؟

کلۆف: هەر دێم و دەچم.

هام: لە ماڵەکەی منا. [*پێشبینی کردن، بە خۆشییەوە*] ڕۆژێك دێت تۆش وەك من کوێر دەبی، لە قوژبنێکدا دادەنیشی، پەککەوتە، خڕیلەیەکی بچکۆلەی ونبوو لەنێو بەتاڵیدا، وەك من، بۆ تا هەتایی لەنێو تاریکیدا. [*ساتێك*] ڕۆژێك دێت بەخۆت دەڵێیت ماندووم، با دانیشم، دەچیت دادەنیشی. پاشان بەخۆت دەڵێیت برسیمە با

هەستم شتێك ئامادەكەم و بیخۆم. بەڵام ناتوانی لە شوێنی خۆت بەرزببیتەوە. بەخۆت دەڵێیت هەڵەم كرد دەبووایە دانەنیشتمایە؛ بەڵام وەك دانیشتووم با كەمێكی تریش دانیشم بحەسێمەوە و دواتر هەڵدەستم شتێك بۆ خواردن ئامادە دەكەم. بەڵام ئیدی خۆتت بۆ بەرز ناكرێتەوە و هیچیش بۆ خواردن ئامادە ناكەی. [ساتێك] كەمێ تەماشای دیوارەكە دەكەی، پاشان بەخۆت دەڵێیت با چاوەكانم لێكنێم، بەڵكوو كەمێ بنووم و دواتر وەزعم چاكتر بێ، چاوەكانت دادەخەیت، كاتێ كە دەیانكەیتەوە ئیتر نە دیواری لێیە و نە هیچ. [*ساتێك*] بەتاڵی بۆ تا هەتایی بەدەورتدا دروست دەبێ. ئیتر هەرچی مردوو هەن زیندوو ببنەوە ئەو بۆشاییەیان پێ پڕ نابێتەوە. وەك زیخ و لمی وردی لێ دێ لەناوەڕاستی پانایی زەوییەكی نەیاردا. بەڵێ ڕۆژێك دێت لە مانای ئەوە تێ دەگەیت كە وەك منت لێ بێ، تەنها ئەوە نەبێ كە تۆ هیچ كەسێكت نابێ، لەبەر ئەوەی تۆ بەزەییت بە هیچ كەسێ نەدەهاتەوە و كەسیش نابێ بەزەیی بە تۆدا بێتەوە. [*ساتێك*]

كلۆف:مەرج نییە. [*ساتێك*] پاشان شتێكت بیر چوو.

هام: ها... چییە ئەوە؟

كلۆف: كە من ناتوانم دانیشم.

هام: [*نا ئارام*] ئێ باشە پاڵدەكەویت، باسی مەسەلەیەك دەكەیت، یان ئاسایی دەوەستی ئاوەها وەك چۆن ئێستا بە پێوە وەستاوی. ڕۆژێك دێت بەخۆت دەڵێیت ماندووم. ئیتر بەسە، ئێتر بە پێوە بی یان بە دانیشتنەوە وەك یەكە، ئەوە چ گرنگییەكی هەیە.

كلۆف: كەواتە ئێوە هەمووتان دەتانەوێ بەجێتان بهێڵم؟

هام: بێگومان.

كلۆف: كەواتە بەجێتان دەهێڵم.

هـام: تۆ نـاتوانی بـەجێمـان بـهێڵی.

کلۆف: کەواتـە نـاڕۆم و بـەجێتـان نـاهێڵم. [*ساتێك*]

هـام: بێجگـە لـە کوشتنمـان، نـاتوانی هیـچی تـر بکـەیت. [*ساتێك*] کـۆدی دۆڵابـە داخـراوەکـەت پـێ دەڵـێم، ئـەگـەر سوێند بـخـۆی کـۆتـایـی بـە ژیـانـم بـهێنی.

کلۆف: من نـاتوانم کـۆتـایی بـە ژیـانت بـهێنم. [*ساتێك*]

کلۆف: بـەجێت دەهێڵم کـارم هـەیـە.

هـام: لـەیـادتـە یـەکـەمجـار کـە هـاتیت بـۆ ئێرە؟

کلۆف: نـەء، پێت وتم بچکۆڵـە بووم.

هـام: بیری بـاوکت مـاوە؟

کلۆف: [*بـە بێزارییـەوە*] هـەمـان وەڵام. [*ساتێك*] ئـەم پرسیـارانـەت یـەك ملیۆن جـار لێکردووم.

هـام: حـەزم لـە پرسیـارە کـۆنـەکـانـە. [*بـە گوڕوتینـەوە*] ئـای پرسیـارە کـۆنـەکـان، ئـای وەڵامـە کـۆنـەکـان. لـەمـانـە زیـاتر هیـچی تر نییـە [*ساتێك*] من لـە جیـاتی بـاوکت بووم.

کلۆف: [*تێڕوانینێکی جێگر*] ئـا، تـۆ لـە جیـاتی ئـەو بووی بـۆ من.

هـام: مـاڵـەکـەم وەك لانـە وابوو بـۆت.

کلۆف: [*تـەمـاشـایـەکی دووروودرێژ بـە چواردەوریدا*] ئـا وەك ئـەوە وابوو بـۆم.

هـام: [*بـە شـانـازییـەوە*] بـەبـێ من [*ئـامـاژە بـۆ خـۆی*] بـێ بـاوك دەبووی، بـەبـێ هـام [*ئـامـاژە بـۆ دەوروبـەر*] بێمـاڵ دەبووی. [*ساتێك*]

کلۆف: دەڕۆم بـەجێت دەهێڵم.

هـام: قـەد بیرت لـە شتێك کردووەتـەوە؟

کلۆف: هـەرگیز.

هـام: لێرە ئێمـە لـە کونێکداین. [*ساتێك*] بـەڵام لـەپشت چیـاکـەوە؟ هـا؟ ئـەگـەر هێشتـا ئـەوێ سـەوزبووایـە؟ هـا؟ گوڵی لـێ بووایـە؟ میوەی لـێ بووایـە؟

[*ساتێك. بەهەڵچوونەوە*] گێلاسی لێ بووایە! [*ساتێك*] ڕەنگە پێویستت نەدەبوو دوور بکەویتەوە.

کلۆف: ناتوانم دوور بکەومەوە. [*ساتێك*] بەجێت دەهێڵم.

هام: سەگەکەم ئامادەیە؟

کلۆف: قاچێکی کەمە.

هام: نەرمونۆڵە وەك ئاوریشم؟

کلۆف: لە تیرەی لوولووە.

هام: بڕۆ بیهێنە. [*کلۆف دەچێتە دەرەوە*] بەرەو پێش دەچێت. [*دەستەسرەکەی دەردەهێنێ بۆ ئەوەی بیکاتەوە، دەموچاوی دەسڕێ و لە گیرفانی دەنێتەوە. کلۆف دێتە ژوورەوە، سەگێکی ڕەشی لە قوماش دروستکراوی پێیە. قاچێکیانی بەدەستەوەیە*]

کلۆف: سەگەکانت لێرەن. [*سەگەکە دەدات بە هام ئەویش لەسەر ئەژنۆی دای دەنێ و دەست بەسەریدا دەهێنێ*]

هام: سپییە. وا نییە؟

کلۆف: تەقریبەن.

هام: چۆن تەقریبەن؟ سپییە یان نا؟

کلۆف: نا.

هام: ڕەگەزیت بیر چووە. نێرە، مێیە؟

کلۆف: [پەست] خۆ هێشتا تەواو نەبووە. با تەواو بێ، ئەو کاتە ڕەگەزەکەی بۆ دیاری دەکەن. [*ساتێك*]

هام: قردێلەیەکت پێوە نەکردووە.

کلۆف: [تووڕە] پێم وتی هێشتا تەواو نەبووە. لە پێشدا سەگەکە دروست دەکەین، پاشان قردێلەکەی دەبەستین. [*ساتێك*]

هام: ئەی دەتوانێ بە پێوە بوەستێ؟

کلۆف: نازانم.

هـام: تـاقـی بکـەرەوە، بزانـە. [*سەگـەکـە دەدات بـە کـلـۆف ئـەویش لـەسەر زەوییەکەدا دای دەنێ*] چی بوو؟

کلۆف: بوەستە. [*بـە چـیـچـکـانـەوە هـەوڵ دەدات سەگـەکـە بـە پێوە ڕاگرێ، نـاتوانێ. دەستی لێ بەر دەدات سەگەکە بەلادا دەکەوێ*]

هـام: هـا دەی چی بوو؟

کلۆف: بە پێوە دەوەستێ.

هـام: لە کوێ؟ لە کوێیە؟ [*کلۆف سەگەکە بە پێوە ڕادەگرێ و دەستی پێوە دەگرێ*]

کلۆف: لێرەیە. [*دەستی هـام دەگرێ و دەیبا بۆ لای سەگەکە*]

هـام: [*هـام دەستی لەسەر سەری سەگەکە دادەنێ*] تەماشام دەکا؟

کلۆف: ئا.

هـام: [*بە شانازییەوە*] وەك ئەوەی داوام لێ بکات بیگەڕێنم، پیاسەی پێ بکەم.

کلۆف: گەر حەز بکەی.

هـام: [*هـەمـان شت*] یـان وەك ئـەوەی داوای ئـێسقـانـێ بـکـات؟ [*دەستی دەکێشێتەوە*] لێی گەڕێ با ئاوەها لێم بپاڕێتەوە. [*کلۆف خۆی ڕاست دەکاتەوە، سەگەکە بەلادا دەکەوێ*]

کلۆف: جێت دەهێڵم.

هـام: چاوەکانت خەونەکانیان دین؟

کلۆف: کەمتر.

هـام: ئەی لای دایکە پێگ ،گڵۆپەکان داگیرساون؟

کلۆف: داگیرساون؟ نازانم چۆن دەتوانی داوا بکەی کە دەبێ ڕووناکی هەبێ لە ماڵی کەسێك؟

هـام: کەواتە خامۆش بووە.

کلۆف: بێگومان خامۆش بووە. گەر ڕووناکی لەلای بەدی نەکرێ یانی خامۆش بووە.

هام: نا، مەبەستم دایکە پێگە.
کلۆف: بە دڵنیاییەوە خامۆش بووە. نازانم، ئەمڕۆ چییە؟ چیتە؟
هام: ئەمڕۆ من وانەکانم بەسەر دەکەمەوە. [*ساتێك*] ئەی نەیان ناشت؟
کلۆف: ناشتن؟ مەبەستت کێ بنێژن؟
هام: تۆ.
کلۆف: من؟ وەك خۆم کەمم کار هەبێ، جا ناشتنی خەڵکیشی بچێتە سەر.
هام: بەڵام ئەی من، دەمنێژی؟
کلۆف: بە دڵنیاییەوە کە نەء، نا تۆ نانێژم. [*ساتێك*]
هام: جاران ئەو ئافرەتە جوان بوو، وەك دڵ و دەروون جوان بوو...
کلۆف: جاران ئێمەش جوان بووین. بە دەگمەن دەبوو [*رووی دەدا*] جوان نەبووینایە، جاران.
هام: بڕۆ دار قولاپەکەم بۆ بهێنە. [*کلۆف دەچێت بۆ لای دەرگاکە، دەوەستێ*]
کلۆف: ئەوە بکە، ئەمە بکە، منیش دەیکەم و هەرگیز بێ ئەوەی بتوانم ڕەفزی بکەم.
هام: ناتوانی.
کلۆف: بەم زووانە نایکەم.
هام: ناتوانی، بە هیچ شێوەیەك ناتوانی. [*کلۆف دەچێتە دەرەوە*] ئای، مرۆڤ، دەبێ هەموو شتێکی بۆ شرۆڤە بکەی. [*کلۆف دێتە ژوورەوە و دار قولاپەکەی پێیە*]
کلۆف: ئەوە دار قولاپەکەیە، ها قووتی بدە. [*دار قولاپەکە دەدات بە هام ئەویش هەوڵ دەدات قورسایی خۆی بەسەر بدات و بەلای ڕاست و بەلای چەپ و بۆ پێشەوە کورسییەکەی جێگۆڕکێ پێ بکا*]
هام: ئایا بەرەو پێش دەچم؟
کلۆف: نا. [*هام دار قولاپەکە فڕێ دەدات*]
هام: بڕۆ قوتیلەی ڕۆنەکە بهێنە.

کلۆف: چی پێ دەکەی؟

هام: تایەکانی چەور دەکەم.

کلۆف: دوێنێ چەورم کردن.

هام: دوێنێ! یانی چی دوێنێ؟

کلۆف: [بە توندوتیژییەوە] یانی کۆتاییەکی ناڵەباری کڵۆڵییەکانە. ئەو وشانە بەکاردەهێنم کە فێرت کردوم. جا ئەگەر هیچ مانایەکیش نابەخشن، ئەوا وشەی ترم فێرکە. یان لێمگەڕێ دەمم داخەم. [*ساتێك*]

هام: شێتێکم دەناسی لەو باوەڕەدا بوو کە کۆتایی جیهان ڕووی داوە، نیگارکێشیش بوو. زۆرم خۆشدەویست. دەچووم سەردانیم دەکرد لە شێتخانە، دەستیم دەگرت و ڕامدەکێشا بۆ بەر پەنجەرەکە، پێم دەوت، تەماشاکە، بڕوانە ئەوێ! ئەو دەغڵودانە چۆن بەرز دەبنەوە، بڕوانە ئەو کەشتییانە چۆن ڕاوە ماسی دەکەن! تەماشای ئەو هەموو جوانییە! [*ساتێك*] دەستی ڕادەپسکاند و دەگەڕایەوە قوژبنەکەی خۆی. تۆقی بوو. لە خۆڵەمێش زیاتری نە بینی بوو. [*ساتێك*] تەنها ئەو ڕزگاری بووبوو. [*ساتێك*] لە یاد کرابوو. [*ساتێك*] پێ دەچێ ئەم حاڵەتە زۆر دەگمەن نەبێ... زۆر دەگمەن نەبووبێ.

کلۆف: شێتێك! ئەمە کەی؟

هام: ئۆو... زوو زوو، تۆ هێشتا نەهاتبوویتە دنیاوە.

کلۆف: سەردەمی ڕۆژگارە زێڕینەکان. [*ساتێك. هام کڵاوەکەی دادەگرێ*]

هام: زۆرم خۆشدەویست. [*کڵاوەکەی لەسەر دەکاتەوە. ساتێك*] وێنەی دەکێشا.

کلۆف: زۆر شتی لەم چەشنە ترسناك هەیە.

هام: نا، نا زۆری لێ نەماوە. [*ساتێك*] کلۆف!

کلۆف: ئا.

هام: تۆ لەو باوەڕەدا نیت کە ئەمە زۆر درێژەی خایاندبێ؟
کلۆف: با. [*ساتێك*] چی؟
هام: ئەم... ئەم شتە.
کلۆف: من هەمیشە بیرم لێ کردووەتەوە، ساتێك] تۆ نا؟
هام: کەواتە ئەمڕۆش ڕۆژێکە وەك ئەوانی تر؟
کلۆف: چەندەی بەردەوام بێ. [*ساتێك*] هەموو ژیان هەر هەمان گەلۆرییە. [*ساتێك*]
هام: من ناتوانم بەجێت بهێڵم.
کلۆف: دەزانم. هەروەها تۆ ناشتوانیت بەدوام بکەوی.
هام: چۆن بزانم بەجێت هێشتووم؟ ئەگەر منت جێهێشت چۆن پێی دەزانم
کلۆف: [بەگوڕەوە] ئاسانە. هەر کاتێ فیکەت بۆ لێدام، ڕام نەکرد و نەهاتم بۆ لات، ئەوە بزانە کە جێم هێشتووی! [*ساتێك*]
هام: ئەی نایەیت ماڵئاوایم لێ بکەی؟
کلۆف: نا، بڕواناکەم.
هام: ئەی خۆ بۆی هەیە لە موبەقەکەت بمری؟
کلۆف: ئەوە هەر هەمان شت دەگرێتەوە.
هام: بەڵام ئەی چۆن بزانم لە موبەقەکە مردوویت؟
کلۆف: ئەو کاتە... بۆگەن دەکەم.
هام: تۆ ئێستا بۆنت دێ. هەموو ماڵەکە بۆنی لاشەی مردووی لێ دێ.
کلۆف: هەموو گەردوون.
هام: [بە توڕەییەوە] هەقی گەردونم نییە. [*ساتێك*] بگەڕێ شتێك بدۆزەوە.
کلۆف: چۆن؟
هام: شتێك، شتێك، فێڵێك بدۆزەوە، شتێك دابێنە. [*ساتێك. بە تووڕەییەوە*] فێڵێك!
کلۆف: ئا، باشە. [*بە درێژی و پانیی ژوورەکە دێت و دەچێت، دەستی خستووەتە پشتی، چاوی بڕیوەتە زەوییەکە، دەوەستێ*] قاچم

دێشێ، جێگای باوەڕ نییە. ئێتر جارێکی تر ناتوانم بیر بکەمەوە.

هام: ئیتر ناتوانی بەجێم بهێڵی. [*کلۆف دەست بە ڕۆیشتن دەکاتەوە*] چی دەکەیت؟

کلۆف: ئاماژەکان کۆ دەکەمەوە و ڕێکیان دەخەم. [*دەوەستێ*]

هام: وای... چ بیر مەندێکە! [*ساتێك*] ئەی ئێستا؟

کلۆف: بوەستە. [*تەرکیز دەکا، وەك ئەوەی زۆر باوەڕی نەبێ*] ئا، بەڵێ وایە... [*وەك ئەوەی بڕوا بکا*] وایە بەڵێ. [*سەری بەرز دەکاتەوە*] دۆزیمەوە. سەعاتەکە قوڕمیش دەکەم. [*ساتێك*]

هام: پێ دەچێ ئەمڕۆ لە یەکێ لە ڕۆژە خۆشەکانمدا نەبم، بەڵام ..

کلۆف: فیکەم بۆ لێ دەدەی. نایەم. سەعاتەکە زەنگ لێ دەدا. من دوورم. سەعاتەکە زەنگ لێنادا. مردووم.

هام: ئێش دەکا؟ [*ساتێك. بەبێ سەبر*] سەعاتەکە ئێش دەکا؟

کلۆف: دەبێ لەبەر چی ئێش نەکا!

هام: لەبەر ئەوەی زۆر ئیشی کردووە.

کلۆف: نا، تەقریبەن قەد ئیشی نەکردووە.

هام: کەواتە لەبەر ئەوەی زۆر کەم ئیشی کردووە.

کلۆف: دەچم سەیر دەکەم. [*دەچێتە دەرەوە. گەمەی دەستەسڕەکە. دەنگی زەنگێکی کورتی سەعاتێك لە پشت کەوالیسەوە دەبیسترێ. کلۆف دێتە ژوورەوە سەعاتێکی بە دەستەوەیە، لە گوێی هام نزیکی دەخاتەوە، زەنگەکەی لێ دەدات. هەردووکیان تا کۆتایی گوێی لێ دەگرن. ساتێك*]

کلۆف: شایانی حوکمی ڕۆژی حەشرە! گوێت لێ بوو؟

هام: بە ئاستەم.

کلۆف: کۆتاییەکەی نەبیستراو بوو.

هام: ناوەڕاستەکەیم زیاتر بە دڵ بوو. [*ساتێك*] ئێستا کاتی حەبی هێورکردنەوەکەم نییە؟

کلۆف: نا. [دەچێت بۆ لای دەرگاکە، دەگەڕێتەوە] بەجێت دێڵم.

هام: کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەمە. ناتەوێ گوێ لە چیرۆکەکەم بگری؟

کلۆف: نەء.

هام: داوا لە باوکم بکە. بزانە دەیەوێ گوێ لە چیرۆکەکەم بگرێ. [*کلۆف دەچێت بۆ لای تەنەکەی خۆڵەکەی ناگ. سەرقاپەکەی بەرز دەکاتەوە، تەماشای ناوەوەی دەکا. بەسەریا دادەنەوێتەوە. کاتێك. خۆی ڕاست دەکاتەوە*]

کلۆف: نووستووە.

هام: خەبەری بکەرەوە. [*کلۆف بەسەر تەنەکەکەدا دادەنەوێتەوە، بە زەنگی سەعاتەکە ناگ هەڵدەستێنێ. چەند وشەیەکی تێکەڵوپێکەڵ. خۆی ڕاست دەکاتەوە*]

کلۆف: نایەوێ گوێ لە چیرۆکەکەت بگرێ.

هام: نوقلێکی دەدەمێ. [*کلۆف دادەنەوێتەوە، چەند وشەیەکی تێکەڵوپێکەڵ. خۆی ڕاست دەکاتەوە*]

کلۆف: نوقلێکی بایەمی دەوێ.

هام: نوقلێکی بایەم وەردەگرێ.

کلۆف: [*دادەنەوێتەوە و چەند وشەیەکی تێکەڵوپێکەڵ، خۆی ڕاست دەکاتەوە*] سەری گرت. [*کلۆف دەچێت بۆ لای دەرگاکە. دەستەکانی ناگ دەردەکەون و بە لێواری تەنەکەکە گیر دەبن. پاشان سەری بەرز دەبێتەوە، کلۆف دەرگاکە دەکاتەوە، دەگەڕێتەوە*] تۆ بڕوات بە ژیانی داهاتوو هەیە.

هام: ژیانی من هەمیشە بڕوای پێ هەبووە. [*کلۆف دەچێتە دەرەوە دەرگاکە بە توندی دادەخا*] بۆم... بیکێشە بە دەم و قەپۆزی.

ناگ: گوێم لێتە.

هام: ئەی ناپاك! بۆچی منت دروست کردوە؟

ناگ: نەم دەتوانی درکی پێ بکەم.

هام: چی! نەتدەتوانی درك بە چی بكەی؟

ناگ: ئەوەی دروستی دەكەم دەبێ بە كەسێكی وەك تۆ. نوقڵێكی بادەمم دەدەیتێ؟

هام: پاش گوێگرتن.

ناگ: سوێند دەخۆی؟

هام: ئا.

ناگ: بە چی؟

هام: بە شەرەف. [*ساتێك. هەردووكیان پێدەكەنن*]

ناگ: دوو.

هام: یەك.

ناگ: یەكێك بۆ من و یەكێك بۆ..

هام: یەك دانە! بێدەنگ! [*ساتێك*] لە كوێدا بووم؟ [*ساتێك. پەست*] ئەوا دیسان لێكپچڕایەوە. لێكپچڕاین. [*ساتێك*] لێك دەپچڕێ. [*ساتێك*] ئیتر هیچ دەنگ نامێنێ. [*ساتێك*] دڵۆپێك ئاو لە ناو ئەو كەللە سەرەیەدایە. [ناگ پێدەكەنێ و خۆی دەشارێتەوە] هەمیشە هەر لە هەمان شوێن پان و پلیش دەبێ. ڕەنگە ئەوە دەمارێكی بچووكی بێ. [*ساتێك*] خوێن بەرێكی بچووك بێ. [*ساتێك. زیاتر بە گوڕەوە*] دەی باشە، ئێستا، گەیشتبوومە كوێ؟ [دەنگی *چیرۆكخوان*] پیاوەكە بە سكەخشێ بە كاوەخۆ نزیك دەبووەوە. ڕەنگ زەرد و لاواز زۆر دەچوو بە دڵدا. خەریك بوو: [*ساتێك، تۆنی ئاسایی*] نا، ئەمەم پێشتر باس كردووە. [*ساتێك. دەنگی چیرۆكخوان*] بێدەنگییەكی دوورودرێژ هاتە زمان. [*دەنگی ئاسایی*] ئەمەیان جوانە. [دەنگی چیرۆكخوان] پاپەكەم بە هێمنییەوە سیخناخ دەكەم: لە ماگنێزیت ویستم دای گیرسێنم بە... كیژۆڵەیەكی سوێدی دانێن چەند نەفەسێكی لێ بدات... ئاهەه. [*ساتێك*] فەرموون.. گوێم لێتانە.

[*ساتێك*] ئەو ڕۆژە، لەیادمە، لە ڕادەبەدەر سارد بوو، زۆر سەخت بوو، پلەی تەرمۆمەترەکە لە ژێر سفرەوە بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی زستان بوو، ئێوارەی پێش جەژنی لە دایك بوونی مەسیح (*کریسمس*) بوو، بۆیە ئەو سەرمایە ئاسایی بوو هیچ جۆرێك لە ڕادەبەدەری پێوە دیار نەبوو. کاتی وەرزێك بوو، وەك ئەوەی لە ئێوە روو دەدات. [*ساتێك*] دەی بڵێ.. ئەوە چ بایەکی نەگریسە ئێوە دێنێ؟ بەرەو ڕوم سەری بەرز کردەوە، سیمای تەواو ڕەش داگەڕا بوو، تێکەڵی چڵك و فرمێسك بووبوو. [*ساتێك. دەنگی ئاسایی*] ئەمە چاکە. [*دەنگی چیرۆکخوان*] نا، نا، تەماشای من مەکەن! سەری داخست. بە ورتەورتەوە بێگومان داوای لێبوردنی دەکرد. [*ساتێك*] دەبینین زۆر سەر قاڵم، ئامادەکارییەکانی جەژن، دەزانن. [*ساتێك. بە هێزەوە*] بەڵام ئامانجی ئەم هێرشەکردنە چییە؟ ئەو ڕۆژە، لە یادمە، خۆر تابڵێی درەوشاوە بوو، هیلیومەترەکە لە پلەی پەنچادا بوو بەڵام پێشتر نوقم بوو لە نێو ... لەلای مردووەکان. [*دەنگێ ئاسایی*] جوانە ئەمە. [*دەنگی چیرۆك خوان*] دەبێ بڵێن... دەست پێ بکەن، تکاو پاڕانەوەتان پێشکەش بکەن، هەزار کێشە چاوەڕوانی ڕەحمەتی من دەکەن [*دەنگی ئاسایی*] ئەم دەستەواژەیە تەواو فەرەنسییە، بەهەرحاڵ. [*دەنگی چیرۆك خوان*] ئێدی لەو ساتەدا بوو کە ورەی وەبەر خۆی ناو بڕیاری خۆیدا، وتی ئەوە منداڵی منە. هەی هەی هەی منداڵ... بڕوانە چەند لاسارە. وتی، کوڕە بچکۆلەکەم. کوڕ! وەك ئەوەی ڕەگەز گرنگ بێ. لە کوێوە هاتوتە دەرێ؟ کونەکەی بۆ ناولێنام. نیودانە ڕۆژی تەواو بەسواریی ئەسپ! خۆ ناشێ پێم بڵێت لەوێ هێشتا دانیشتووانی لێ ماوە؟ بەهەرحاڵ، نەخێر، نەخێر کەسی لێنەماوە، تەنها ئەو و مناڵەکەی نەبێ –ئەویش وای دانێین هێشتا مابێ. چاکە، چاکە

خۆم ڕەوشی [کوڤ] بەسەر دەکەمەوە و پرسیار دەکەم، لەوی لەو بەر تەنگەڵانەکەوە. پشیلەیەکیشی لێ نەماوە، چۆڵوهۆڵە. چاکە، چاکە. ئینجا ئێستا سەربارى هەموو شتێ دەتەوێ بڕوات پێ بکەم کە منالّەکەت لەوێ جێهێشتووە، هەر خۆی بەتەنها بەزیندوێتی؟ دەی، دەی. [*ساتێك*] ئەو ڕۆژەم لەیادە، بایەکی تیژی دەهات: سەد پلە بەپێوەری با. درەختە مردووەکانی لەبن دەردەهێنا و لەگەڵ خۆی دەیبردن بۆ... دوور. [*دەنگی ئاسایی*] ئەمەیان کەمێك لاوازە. [*دەنگی چیرۆك خوان*] ئێ دەی، بڵێ دواجار چیتان لێم دەوێ؟ دەبێ درەختی جەژن بڕازێنمەوە. بەکورتی دوا جار تێگەیشتم کە نانی لێم دەویست بۆ منالّەکەی. سوالّکەرێك وەك هەردەم داوای نان دەکا! نان؟ بەڵام نانم نییە، من نایخۆم، هەزمی ناکەم. چاکە ئەی گەنم؟ [*دەنگی ئاسایی*] زۆر چاکە. [*دەنگی چیرۆکخوان*] گەنم، ئەوەیانم هەیە، ڕاستە، ئەوەتا لە هەورەبانەکەیە. بەڵام بیر بکەنەوە، بیر بکەنەوە. گەنمەکەتان دەدەمێ، کیلۆیەك، کیلۆونیوێك، دەیبەن بۆ منالّەکەتان و گەر هێشتا مابێ شۆربایەکی چاکی لێ دروست دەکەن بۆی [*ناگ دەبزوێ*] شۆربا و نیوێکی چاك، خۆراکێکە بەری سك دەگرێ. تێرکەرە. چاکە ڕەنگوڕووی دێتەوە بەر، لەوانەیە. ئەی دوایی؟ [*ساتێك*] تووڕەبووم. بەڵام بیربکەنەوە، بیربکەنەوە. ئێوە لەسەر زەوین، ئەوە چارەسەری نییە. [*ساتێك*] ئەو ڕۆژە، لەیادمە، لەڕادەبەدەر کاتەکەی وشك بوو، سفر بە پێوەری شێ. خەون بوو بۆ ڕوماتیزمەکانم [*ساتێك، بەتووڕەیییەوە*] ئەی دوایی، ئاواتی چی دەخوازن؟ کە زەوی جاریکی تر لە بەهاردا لە دایك ببێتەوە؟ کە دەریا و ڕووبارەکان جارێکی تر پڕ ماسی ببنەوە؟ کە جارێکی تر خۆراکی پیرۆز لە ئاسمانەوە بێتە خوارێ بۆ نەفامی وەك ئێوە؟ بەرە بەرە خاو بوومەوە، هێندەی پێویست بکا کە

بتوانم پرسیاری لێ بکەم. چەندی کات بەسەر بردووە تا گەیشتووەتە ئێرە؟ سێ ڕۆژی ڕەبەق! ئەی منداڵەکەی لە چ حاڵەتێکدا جێهێشتووە؟ نوقمی خەو بووبوو. [بەهێزەوە] خەو؟ بەڵام چ خەوێك؟ چ خەوێك؟ [*ساتێك*] دواجار پێشنیارم کرد بێت بۆ من کار بکا! هەژاندمی. پاشان بیرم کردەوە بۆ ماوەییەکی درێژخایەن پێویستم پێی نابێت. [پێدەکەنێ. *ساتێك*] ئەی کەواتە [*ساتێك*] ئەی کەواتە؟ [*ساتێك*] لێرە ئەگەر وریا و زیرەك بی دەتوانی جوانترین مەرگ بمری. بێ ئەوەی لنگەفرتێ بکەی. [*ساتێك*] ئەی کەواتە؟ [*ساتێك*] دواجار داوای لێکردم گەر ڕازیبم کوڕەکەشی لەگەڵ خۆی بهێنێ: بەمەرجێ گەر هێشتا مابێ. [*ساتێك*] چاوەڕوانی ئەو چرکەساتەبووم کە بڵێ، گەر ڕازیبم کوڕەکەشی لەگەڵ خۆی بهێنێ بۆ ئێرە. [*ساتێك*] دیسان دەیبینم بە چۆکدا هاتووە و دەستەکانی ناوە بەزەوییەوە و چاوەشێتەکانی تێبڕیوم، سەربارى ئەوانەی پێشتر ئاماژەم پێکردن بۆی. [*ساتێك. دەنگی ئاسایی*] بەسە بۆ ئەمڕۆ. [*ساتێك*] زۆرم نەماوە ئەم چیرۆکە تەواو بکەم. [*ساتێك*] بەمەرجێ ئەگەر کەسایەتیی تری بۆ زیاد نەکەم. [*ساتێك*] جا کەسایەتیی تر لەکوێ بهێنم؟ کوێ بەشوێنیان بگەڕێم؟ [*ساتێك*] فیکەیەك لێدەدات، کلۆف دێتە ژوورەوە دەی با دۆعا بکەین، لەخوا بپاڕێنەوە.

ناگ: نقوڵی بادەمەکەم.

کلۆف: جرجێك لە موبەقەکەیە.

هام: جرج! بۆ جرجی لێ ماوە؟

کلۆف: لە موبەقەکە یەکێکی لێییە.

هام: ئەی لە ناوت نەبرد؟

کلۆف: نیوەی! تۆ ئیزعاجت کردین.

هـام: خۆ نـاتوانیٚ خۆی ڕزگار بکا؟

کلۆف: نـا.

هـام: پـاش کەمێکی تر دەیکوژی. دەی بـا دۆعـا بکەین. لە خـوا بپـاڕێنەوە.

کلۆف: دیسـان؟

نـاگ: نوقڵەکەم.

هـام: خوا لە پێشترە. [*ساتێك*] ئـامـادەین؟

کلۆف: [*تەسلیم دەبیٚ*] بـا دەستپێبکەین.

هـام: ئەی تۆ؟

نـاگ: [*هەردوو دەستی لێك نزیك دەکاتەوە و بەرزیان دەکاتەوە و چاوی دادەخاو بەپەلە دەدویٚ*] یەزدان ئێمە کە لە...

هـام: بـێدەنگ . بـەبێدەنگی، کـەمێك ئـوسوولْ! [*هـەڵسوکـەوتـی نوێژکردن. بێدەنگی. هـام لە پێش هەموویانەوە ورە بەردەدا*] ئەی پـاشـان؟

کلۆف: [*چاوی دەکاتەوە*] بە نەفرەت بیت. ئەی تۆ؟

هـام: هیچ نـاکریٚ. [*بەناگ*] ئەی تۆ؟

نـاگ: ڕاوەستە! [*چاوی دەکاتەوە*] هیچی لێنییە.

هـام: ئەو بیٚ قیمەتە بوونی نییە.

کلۆف: هێشتـا نـا.

نـاگ: نوقڵەکەم.

هـام: نوقڵی لیٚ نەمـاوە. [*ساتێك*]

نـاگ: .ئـاسـایە. سەربـاری هەموو شتیٚ من بـاوکی تۆم. ڕاستە ئەگەر ئەو نەبومـایە یەکێکی تر ئەو دەبوو. بەڵام ئەمە عوزرێك نییە. [ساتێك] بـۆ نموونـە لـەوانـەیە حـەڵوایـیـەکی تـورکی بـووایـیـە، هـەمـوومـان دەزانین کە ئێستا لەژیاندا نەمـاوە، لە هەموو شتێکی دنیا زیاترم خـۆش دەویٚ. ڕۆژێك دێت داوات لـیٚ بـکـەمً، بـەرامـبـەر بـەوەی قسەیەکی خۆشت بۆ بکەم، ئەو کات پەیمان دەدەی بمدەیتیٚ. دەبیٚ

لەگەڵ زەمەنی خۆتدا بژی. [*ساتێك*] کاتێ منداڵ بوویت و دەترسای، لە نیوە شەودا کێت بانگ دەکرد؟ دایکت؟ نەخێر. من. وازیان لێدەهێنای بقیژێنی. پاشان دووریان دەخستیتەوە بۆ ئەوەی بتوانن بنوون. [*ساتێك*] نوستبووم و وەك پاشا وا بووم، تۆ خەبەرت دەکردمەوە، بۆ ئەوەی گوێت لێبگرم. ئەوەش ئێجگار ئەوەندە پێویست نەبوو، بەڕاستی خۆی پێویست بەوە نەوبوو گوێت لێبگرم. لەگەڵ ئەوەشدا گوێم لێنەگرتی. [*ساتێك*] ئاواتەخوازم ئەو ڕۆژە بێت کە بەڕاستی پێویستت بەوە هەبێ گوێت لێبگرم هەروەها بەڕاستی پێویستت بەوەبێ کە گوێت لە دەنگم بێ. یەك دەنگ.[*ساتێك*] بەڵێ، ئاواتەخوازم بتوانم تا ئەو ڕۆژە بژیم. بۆئەوەی گوێم لێت بێ بانگم بکەی، وەك ئەوەی کە منداڵ بوویت و چۆن شەوان دەترسایت و تەنها من پناگەی تۆ بووم. [*ساتێك. ناگ دەکێشێ بەسەر سەرقاپی تەنەکە خۆڵەکەی نیل. کاتێك*] نیل! [*ساتێك بەتوندوتیژی پیا دەکێشێ*] نیل! [*ساتێك. ناگ دەچێتەوە نێو تەنەکە خۆڵەکەی خۆی و سەرقاپەکەی دادەپۆشێ. کاتێك*]

هام: سوعبەتەکە کۆتایی هات. [*دەست دەکوتێ و دەگەڕێ بەدوای سەگەکە*] سەگەکە ڕۆیشت.

کلۆف: سەگی ڕاستی نییە. ناتوانێ بڕوات.

هام: [*دەست دەکوتێ*] لێرە نییە.

کلۆف: ڕاکشاوە.

هام: بمدەرێ. [*کلۆف سەگەکە هەڵدەگرێ و دەیدات بە هام ئەویش لە باوەشی دەگرێ. کاتێك هام سەگەکە فریدەدات*] ئاژەڵێ پیس! [*کلۆف دەست دەکات بە کۆکردنەوەی شتەکانی سەر زەوی*] خەریکی چیت؟

کلۆف: دیسپلین، ڕێکوپێکی. [*بەگوڕەوە ڕاست دەبێتەوە*] ئەم شتانە

لادەبەم. [*دەست دەکات بەکۆکردنەوەیان*]

هام: نیزام!

کلۆف: [*ڕاست دەبێتەوە*]حەزم لە نیزامە. ئەوە خەونی منە. جیهانێك، هەموو شتەکان تێدا بێدەنگ و بێجوڵە بن، هەر شتێك لە جێگاکۆنەکەی خۆی بێ، لە شوێنی خۆی و لەژێر دوا تەپوتۆزدا بێ.

[*دەست دەکاتەوە بەکۆکردنەوە*]

هام: [*تووڕە و پەست*] بۆ بەنیازی چی دروست بکەی؟

کلۆف: [*ڕاست دەبێتەوە، بەنەرمییەوە*] هەوڵ دەدەم کەمێك دیسپلین و ڕێکوپێکی بەرقەرارکەم.

هام: وازی لێبێنە.

[*کلۆف گشت ئەو شتانەی کۆیکردوونەتەوە بەردەداتەوە*]

کلۆف: بەهەرحاڵ لێرە بێ یان لەشوێنێکی تر.

[*دەچێت بۆ لای دەرگاکە*]

هام: [*پەست*] قاچەکانت چییانە؟

کلۆف: قاچەکانم؟

هام: دەڵێی کەتیبەیەکی عەسکەرین.

کلۆف: ئا دەبوایە پۆستاڵەکانم لە پێ بکەم.

هام: بۆ نەعلەکان ئازاری پێت دەدەن؟

[*ساتێك*]

کلۆف: دەڕۆم بەجێت دەهێڵم.

هام: نا!

کلۆف: ئەی من بە کەڵکی چی دێم؟

هام: وەڵامی حیوارەکانم بدەیتەوە. وەڵامم بدەیتەوە. [*ساتێك*] چیرۆکەکەم بەرەو پێش بردووە. [*ساتێك*] چاك پێشم خست. [*ساتێك*] ئادەی لێم

بپرسە بزانە گەیشتوومەتە کوێ؟

کلۆف: ئۆو... دەربارەی ئەو بابەتە... چیرۆك؟

هام: [زۆر *سەرسوورماو*] کام چیرۆك؟

کلۆف: ئەوەی هەمیشە هەر خەریکی بۆ خۆتی دەگێڕیتەوە.

هام: ئا... مەبەستت ڕۆمانەکەمە؟

کلۆف: نا ئەوە. [*ساتێك*]

هام: [*بەتووڕەییەوە*] دەی پاڵ بنێ بیبە بۆ دوورتر، بە نەفرەت بی، پاڵ بنێ بۆ دوورتر.

کلۆف: هیوادارم چاك بەرەوپێشت بردبێ.

هام: [*بەساردییەوە*] ئۆو... زۆر نا. زۆر نا. [*ئاهـ هەڵدەکێشی*] ئێتر ڕۆژی وا هەیە بەم جۆرەیە، توانای خوڵقاندنمان کەمترە. [*ساتێك*] دەبێ چاوەڕێبکەی خۆی بێت. [*ساتێك*] نابێ قەد زۆری لێبکەی، ئەوە شوومی بەدواوەیە. [*ساتێك*] بەتایبەتی ئەگەر خیبرەمان هەبێ. وانییە؟ [*ساتێك، بەهێزتر*] دەڵێم لەگەڵ ئەوەش کەمێکم پێش خستووە.

کلۆف: [*بەئیعجابەوە*] کەواتە لەگەڵ ئەوەش توانیوتە کەمێم بەرەوپێشی ببەی.

هام: ئا، ئا، دەزانی، زۆر نا، زۆر نا، بەڵام هەرچۆنێك بێ لە هیچ باشترە.

کلۆف: چی لە هیچ باشترە! یانی چی، تۆ سەرسامم دەکەی.

هام: با بۆتی بگێڕمەوە. بە سکەخشێ دێت.

کلۆف: ئەوە کێ؟

هام: چۆن؟

کلۆف: کێ ئەو؟

هام: بروانن، یەکێکی تریش.

کلۆف: ئا... ئەویان! دڵنیا نەبووم.

هام: بەسەر سکدا کەوتبوو، دەگریا و داوای نانی بۆ منداڵەکەی دەکرد. ئیشی باخەوانیی دەدەنێ. پێش ئەوەی... [*کلۆف پێدەکەنێ*] چییە، هیچ شتێکی وا یەکجار سەیر و هەزەلیی تیایە.

کلۆف: ئیشی باخەوانی.

هام: بەوە پێدەکەنی؟

کلۆف: دەبێ بە ئەوە بێ.

هام: ئەی نابێ زیاتر بە نانەکە بێ؟

کلۆف: یان بە منداڵەکە. [*ساتێك*]

هام: هەموو ئەمانە لەڕاستییدا بەزم و خۆشین. کلۆف، دەتەوێ پێکەوە ژەمێکی چاك پێبکەنین؟

کلۆف: [*پاش بیرکردنەوە*] ئەمڕۆ ئیتر ناتوانم پێبکەنم.

هام: [*بیردەکاتەوە*] منیش ناتوانم. [*ساتێك*] کەواتە بەردەوام دەبم. پێش ئەوەی بە سوپاس کردنەوە بە ئیشەکە ڕازی بێت، داوا دەکا گەر ڕێگای بدەن منالەکەشی لەگەڵ خۆی بهێنێ.

کلۆف: تەمەنی چەندە؟

هام: ئۆو... زۆر منالە.

کلۆف: دەیتوانی بە درەختدا هەڵبگژێ.

هام: گشت کارە بچووکەکان بکا.

کلۆف: ئینجا گەورە دەبوو.

هام: ئیحتمالە. [*ساتێك*]

کلۆف: بەڵام پاڵ بنێ بیبە بۆ دوورتر، بەنەفرەت بی، پاڵی بنێ بیبە بۆ دوورتر.

هام: ئێتر تەواو. ئەمە هەموویەتی، لێرە وەستاوم. [*ساتێك*]

کلۆف: ئەی دوای ئەوە، دەزانی چی دەبێ؟

هام: تەقریبەن.

کلۆف: پاش کەمێکی تر کۆتایی نایەت؟

هام: لەوە دەترسم.

کلۆف: با... جا چییە چیرۆکێکی تر دروست دەکەی.

هام: نازانم. [*ساتێك*] هەست بەخۆم دەکەم کەمێك بەتاڵم [*ساتێك*] هێزی خولقێنەر بەردەوامە، گەربمتوانیایە تا قەراخ دەریاکە خۆم کێش بکردایە، سەرینێکم لە لم بۆ خۆم دروست دەکرد. شەپۆڵەکان دەهاتن.

کلۆف: شەپۆلی هیچ لێ نەماوە. [*ساتێك*]

هام: برۆ بزانە نەمردووە؟

[*کلۆف دەچێت بۆ لای تەنەکە خۆڵەکەی نیل، سەرقاپەکەی بەرزدەکاتەوە، دەچەمێتەوە*]

کلۆف: با، لەوە دەچێ. [*سەرقاپەکە دادەخات، ڕاست دەبێتەوە، هام کڵاوەکەی دادەگرێ*] [*ساتێك*]

هام: [*کڵاوەکەی هەر بەدەستەوەیە*] ئەی ناگ؟

[*کلۆف سەرقاپی تەنەکە خۆڵەکەی ناگ بەرزدەکاتەوە دەچەمێتەوە. کاتێك*]

کلۆف: نا، لەوە ناچێ. [*سەرقاپەکە دادەخات و ڕاست دەبێتەوە*]

هام: [*کڵاوەکەی لە دەست بەردەبێتەوە*] چی دەکا؟

[*کلۆف سەرقاپی تەنەکە خۆڵەکەی ناگ بەرزدەکاتەوە، بەسەریا دادەنەوێ. کاتێك*]

کلۆف: دەگری. [*سەری تەنەکەی خۆڵەکە دادەپۆشێ، ڕاست دەبێتەوە*]

هام: کەواتە دەژی. [*ساتێك*] تۆ قەد بۆ چرکە ساتێکیش ئاسوود بووی؟

کلۆف: بەپێی زانیاری خۆم، نەخێر. [*ساتێك*]

هام: بمبەرە ژێر پەنجەرەکە. [*کلۆف دەچێت بۆ لای کورسییەکە*] دەمەوێ هەستکەم ڕووناکی لە دەمووچاوم دەدات. [*کلۆف کورسییەکە

*دەبات بۆ پێشەوە]* لە یادتە سەرەتا کە پیاسەت پێ دەکردم، *باش لێت نەدەزانی، بەخێرایی پاڵت دەنا و لەگەڵ هەر هەنگاوێکت خەریك بوو وەرم گێڕی. [دەنگێکی لەرزۆك]* هێی... هێی... هەردووکمان چاك ڕامان دەبوارد. چاك ڕامان دەبوارد. [بە*دڵتەنگییەوە]* پاشان لێمان بوو بەخوو، خوومان پێوە گرت. [کلۆف کورسییەکە بە*رانبەر* پەنجەرە*ی لای ڕاست ڕادەگرێ]* بۆ گەیشتین؟ [*ساتێك، سەری وەردەچەرخێنێ، ساتێك]* دنیا ڕۆژە.

کلۆف: تاریك نەبووە.

هام: [بەتووڕەییەوە] دەڵێم دنیا ڕۆشنە؟

کلۆف: ئا، [*ساتێك*]

هام: پەردەکە دانەدراواتەوە؟

کلۆف: نەء.

هام: ئەمە کام پەنجەرەیە؟

کلۆف: زەوی.

هام: دەمزانی. [بەتووڕەییەوە] بەڵام لێرەوە ڕووناکی لێ نییە؟ پەنجەرەکە*ی* تر. [*کلۆف پاڵ* بەکورسییەکەوە دە*نێ بەرەو لای* پەنجەرەکە*ی* تر] زەوی. [کلۆف کورسییەکە *لەژێر* پەنجەرەکە*ی تر ڕادەگرێ، هام سەری وەردەچەرخێنێ بۆ دواوە*] ئا ئەمە ڕووناکییە؟ [*ساتێك*] دەڵێی تیشکی ڕۆژە. [*ساتێك*] وانییە؟

کلۆف: نەء.

هام: ئەمە تیشکی ڕۆژ نییە کە هەست دەکەم لە سەر دەم و چاومە؟

کلۆف: نەء. [*ساتێك*]

هام: زۆر سپییم. [*ساتێك*] لێتدەپرسم ئایا زۆر زۆر سپییم؟

کلۆف: یەکجار وا سپی نیت هەروەك خۆتی. [*ساتێك*]

هام: پەنجەرەکە بکەرەوە.

کلۆف: بۆچی؟

هام: دەمەوێ گوێ لە دەریا بگرم.

کلۆف: گوێت لێی نابێت.

هام: ئەگەر پەنجەرەکەش بکەیتەوە.

کلۆف: نەء.

هام: کەواتە پێویست ناکا بیکەیتەوە؟

کلۆف: نەء.

هام: [بەتوندوتیژییەوە] دەکەواتە بیکەرەوە. [*کلۆف دەچێتە سەر پەیژەکە، پەنجەرەکە دەکاتەوە، ساتێک*] پەنجەرەکەت کردەوە؟

کلۆف: ئا.

هام: سوێندم بۆ دەخۆی کە پەنجەرەکەت کردووەتەوە؟

کلۆف: ئا، [*ساتێک*]

هام: چاکە. [*ساتێک*] کەواتە دەبێ دەریا زۆر ئارام بێ؟ [*ساتێک*] پێتدەڵێم ئایا دەریا ئارامە؟

کلۆف: ئا.

هام: دەبێ لەبەر ئەوە بێ کە کەشتیوانی لێ نییە. [*ساتێک*] چییە دەڵێی لەپڕێکا ورتەت لێبڕا. [*ساتێک*] چیتە، وەزعت باش نییە؟

کلۆف: سەرمامە!

هام: لە مانگی چەنداین؟ [*ساتێک*] پەنجەرەکە داخە، دەچینەوە ژووری... [*کلۆف پەنجەرەکە دادەخا، لە پەیژەکە دێتە خوارێ، کورسییەکە دەباتەوە جێگاکەی خۆی، لە پشت کورسییەکە دەمێنێتەوە، سەری داخستووە،* لێرە *جێگاکەی خۆی، لە پشت کورسییەکە دەمێنێتەوە، سەری داخستووە،*] لێرە مەمێنەوە دەمترسێنی. [*کلۆف دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی لەتەنیشت کورسییەکە*] بابە! [*کاتێک.* بەهێزتر] بابا! برۆ بزانە گوێی لێبووە! [*کلۆف دەچێت بۆلای تەنەکە خۆڵەکەی*

*ناگ، سەرقاپەکەی بەرزدەکاتەوە، دادەنەوێ بەسەریدا، چەند وشەیەکی تێکەڵوپێکەڵ کلۆف ڕاست دەبێتەوە]*

کلۆف: ئا، گوێی لێبووە.

هام: هەردوو جارەکە؟

[*کلۆف دەچەمێتەوە، چەند وشەیەکی تێکەڵوپێکەڵ، ڕاست دەبێتەوە*]

کلۆف: تەنها یەك جار؟

هام: ئەوەی یەکەم جار، یان ئەوەی دووەم جار؟

[*کلۆف دەچەمێتەوە، چەند وشەیەکی تێکەڵوپێکەڵ، ڕاست دەبێتەوە*]

کلۆف: نازانیٚ.

هام: دەبیٚ ئەوەی جاری دووهەم بووبێت.

کلۆف: ئەوەیان ناتوانریٚ بزانریٚ.

[*کلۆف سەرقاپی تەنەکەی خۆڵەکە دادەخا*]

هام: هێشتا هەر دەگری؟

کلۆف: نا.

هام: مردووە کلۆڵەکان! [*ساتێك*] چیدەکا؟

کلۆف: پسکیتەکەی دەمژیٚ.

هام: ژیان بەردەوامە. [*کلۆف دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی، لەتەنیشت کورسییەکە*] بەتانییەکم بدەریٚ، ڕەقبوومەوە.

کلۆف: بەتانی هیچ لێنییە. [*ساتێك*]

هام: باوەشم پیابکە. [*ساتێك*] دەتەویٚ باوەشم پیابکەی؟

کلۆف: نەء.

هام: باوەش بکە بەسەرما.

کلۆف: نامەویٚ باوەش بە هیچ شوێنێکتا بکەم. [*ساتێك*]

هام: هیچ نەبیٚ دەستتم بدەریٚ. [*ساتێك*] ناتەویٚ دەستیشتم بدەیتیٚ؟

کلۆف: نامەویٚ دەستم بەرتکەویٚ. [*ساتێك*]

هـام: سەگەکەم بدەرێ. [*کلۆف سەگەکە دێنـێ*] نـا پێویست نـاکـا.

کلۆف: سەگەکەت نـاوی؟

هـام: نـا.

کلۆف: کەواتـە بـەجێت دەهێڵم.

هـام: [*سەری داخستووە، بەبێ ئاگاییەوە*] وایە. [*کلۆف دەچێت بۆ لای دەرگاکە دەگەڕێتەوە*]

کلۆف: ئەگەر ئەو جرجە نەکوژم دەمرێ.

هـام: [*بەهەمان شێوە*] وایە. [*کلۆف دەچێتە دەرەوە. ساتێك*] نۆرەی منە. [*دەستەسڕەکەی دەرهێنێ، دەیکاتەوە، بەرامبەر خۆی ڕایدەگرێ*] بەرەوپێش دەچێ. [*ساتێك*] دەگرین، دەگرین، بە خوتو خۆڕایی و لەبەر هیچ هۆیەك، بۆ ئەوەی پێنەکەنن. بەرەبەرە دڵتەنگییەکی ڕاستەقینە دەتان گرێتەوە. [*دەستەسڕەکەی قەدەکاو دەیخاتە نێو گیرفانی، سەری کەمێك بەرزدەکاتەوە*] هەموو ئەو کەسانەی کە دەمتوانی یارمەتییان بدەم، [*ساتێك*] ڕزگـاریـان بکـەم، [*کاتێك*] یارمەتیدان، [*ساتێك*] لە هەموو لایەکەوە دەهاتنە دەرێ. [*ساتێك. بەتوندوتیژییەوە*] بـەڵام بـیـربکـەنـەوە، بـیـربکـەنـەوە، ئێوە لـەسەر زەوین، ئەمە چارەسەی نییە! بڕۆن و یەکترتان خۆش بوێ. یەکتر بلێسنەوە. [*ساتـێك. زۆر ئـارامـە*] –ئـەگـەر نـانـی لـێ نـەبـووایـە پاقلاوەی لێدەبوو– [*کاتێك. بەتوندوتیژییەوە*] ئێستا لێمگەڕێن، بـڕۆنـەوە بـەلای گـەلـەگـانـی خـۆتـان! [*ساتێك بـەنزمییەوە*] هـەمـوو ئەمە، هەموو ئەمە! [*ساتێك*] تەنانەت سەگێکی ڕاستیشی لێ نییە. [*هێمن تر*] کۆتایی لە نێو دەسپێکردنەوەدایە، لەگەڵ ئەوەش هەر بەردەوام دەبین. [*ساتێك*] ڕەنگە بتوانم چیرۆکەکەم درێژەپێبدەم و تەواوی بکەم و چیرۆکێکی تر دەسپێبکەم. [*ساتێك*] ڕەنگە بتوانم خۆم فڕێدەمە سەر زەوییەکە. [*زۆر بەگرانی خۆی بەرزدەکاتەوە*]

نینۆکەکانم لە درزەکان گیرکەم و بەهێزی مەچەکیش خۆم بۆ پێشەوە کێش بکەم. [*ساتێك*] ئەوە دەبێتە کۆتایی، پاشان بەخۆمم دەوت ئەوەی توانیی ئەو کۆتاییە بهێنێ، نزیك بکاتەوە، بەخۆمم دەوت ئەوەی توانیی ئەو کۆتاییە بێ... [*بە دوو دڵییەوە*] بۆچی ئەو کۆتاییە هێندە دواکەوت. [*ساتێك*] لەوێ دەبم، لە حەشارگە کۆنەکە، تەنها و بەرانبەر بێدەنگی و [*دوو دڵە*] بێجووڵەیی... گەر بتوانم بێدەنگ بم، بە ئارامی بمێنمەوە، بە دەنگ و بەجووڵە دەکرێ [*کاتێك*] بانگی باوکمم دەکرد... [*دوو دڵ*] بانگی کوڕەکەم دەکرد. دووجار، سێ جاریش ئەگەر یەکەم جار و دووەم جاریش گوێیان لێ نەبووایە. [*ساتێك*] بە خۆم دەڵێم ئەو هەر دەگەڕێتەوە. [*ساتێك*] ئەی دوایی؟ [*ساتێك*] بەخۆمم دەگوت ئەو هەر دەگەڕێتەوە. [*ساتێك*] ئەی دوایی؟ [*ساتێك*] ئەی دوایی؟ [*کاتێك*] نا، نەیتوانی، ڕۆیشتووە بۆ دوور. [*ساتێك*] ئەی دوایی؟ [*ساتێك، زۆر وورژاو*] هەموو جۆرە خەیاڵ و فەنتازیاك دام دەگرێ! با چاودێریم بکەن! جرجێك! هەنگاوەکان! چاوەکان! ئەم هەناسەیەی دەیگرین و پاشان [*هەناسە دەدات*] پاشان قسەکردن، بەخێرایی، وشەکان، وەك وەك ئەو مناڵە تەنیاییەی خۆی لێدەبێ بەچەندین مناڵ، بە دوو، بە سێ بۆ ئەوەی شەوان پێکەوەبن، پێکەوە قسەبکەن. [*ساتێك*] چرکەسات بە چرکەسات، تك، تك، وەك تۆوی دانەوێڵەی... [*دەگەڕێ بەدوای وشەیەك*] ئەم زمانە، ئەم زمانە یۆنانییە کۆنە، بە درێژایی ژیان چاوەڕوانین کە ژیانێك پێکبهێنێ. [*ساتێك، دەیەوێ دەست پێبکاتەوە، پەشیمان دەبێتەوە، ساتێك*] لە نێویدا بین.

[*فیکەیەك لێدەدات، کلوف دێتە ژوورەوە، سەعاتەکەی بەدەستەوەیە، لەتەنیشت کورسیەکەوە دەوەستێ*] نەدوورکەوتووەتەوە و نەمردووشە

کلۆف: تەنها بە ڕۆح.

هام: کەمیان؟

کلۆف: بە هەردووکیان.

هام: لەدووریدا تۆ مردووی.

کلۆف: ئینجا بەپێچەوانەوە.

هام: [بە *شانازییەوە*] دوورکەوتنەوە لە من مردنە. [*ساتێك*] ئەی ئەو جرجە، چی لێهات؟

کلۆف: خۆی ڕزگار کرد.

هام: دوورناکەوێتەوە. [*ساتێك*]وانییە؟

کلۆف: پێویستی بەوە نییە دووربکەوێتەوە. [*ساتێك*]

هام: ئێستا کاتی حەبی هێورکردنەوەکەم نییە؟

کلۆف: با.

هام: ئاهـ... دواجار! خێراکە بمدەرێ!

کلۆف: حەبی هیچ لێ نەماوە. [*ساتێك*]

هام: [بەترسەوە] حەبەکەم... [*کاتێك*] حەبی لێ نییە!

کلۆف: هیچی لێ نەماوە. ئێتر هەرگیز حەبی هێورکردنەوەت نادەمێ. [*ساتێك*]

هام: بەڵام قوتووە بچووکە خڕەکە. پڕی بوو!

کلۆف: ڕاستە، بەڵام ئێستا بەتاڵە.

[*کلۆف بە ژوورەکەدا دەسووڕێتەوەو دەگەڕێ بەدوای شوێنێك سەعاتەکەی لێدابنێ*]

هام: [بەنزمییەوە] ئەی چیبکەم. [*کاتێك، هاواردەکا*] چیبکەم؟

[*کلۆف تەماشای نابلۆکە دەکا، دای دەگرێ، هەر بە هەڵگەڕاوەییەوە لەسەر زەوییەکە، پاڵی دەدا بە دیوارەکەوە، سەعاتەکە لە شوێنێ هەڵدەواسێ*] چیدەکەی؟

کلۆف: سێ سووری بچووك. [*ساتێك*]

هام: تەماشای زەوی بکە

کلۆف: دیسان.

هام: لەبەر ئەوەی بانگت دەکا.

کلۆف: چییە قورگت دێشێ؟ [*ساتێك*] کەمێك حەڵوات دەوێ؟ نا؟ [*ساتێك*] بەداخەوە.!

[*بە ورتە ورت و گۆرانی وتنەوە دەچێ بەرەو پەنجەرەی لای ڕاست، لەبەردەمیدا دەوەستێ، تەماشای دەکا و سەری بۆ دواوە وەردەچەرخێنێ*]

هام: گۆرانی مەڵێ!

کلۆف: [*دەگەڕێتەوە بۆ لای هام*] بۆ مافی گۆرانی وتنمان نییە؟

هام: نەخێر.

کلۆف: ئەی دەتەوێ چۆن کۆتاییی بێ؟

هام: بۆ، حەزدەکەی کۆتاییی بێ؟

کلۆف: ئارەزوودەکەم گۆرانی بڵێم.

هام: ناتوانم ڕێت لێبگرم.

[*کاتێك ... کلۆف دەگەڕێتەوە بۆلای پەنجەرەکە*]

کلۆف: چیم لەو پەیژەیە کرد؟ [*بەچاو بەدوایدا دەگەڕێ*] تۆ پەیژەکەت نەبینیوە؟ [*دەگەڕێ و دەیدۆزێتەوە، دەکێشێ بە ناوچەوانی خۆیدا*] خۆ ئەوەتا. [*دەچێت بۆ لای پەنجەرەی لای چەپ*] زۆرجار بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی ئەقڵ لە کەللەمدا هەبێ؟ دوایی کە بەسەر دەچێ، دیسان-بەرچاوم ڕوون دەبێتەوە. [*دەچێتە سەر پەیژەکە، لە پەنجەرەکەوە تەماشادەکا*] ئای لەوە، خۆ ژێر ئاو کەوتووە! [*تەماشا دەکا*] ئەمە چۆن ڕووی داوە؟ [*سەری دەباتە پێشەوە، دەستی وەك دووربین لێدەکا*] لەگەڵ ئەوەی کە بارانیش نەباریوە

[*شووشەکە دەسڕێ، تەماشا دەکا، دەکێشێ بەنێو چاوەنیدا*] ئای چەند گەمژەم، خۆ لەم لایەیان نییە، لێم تێك چووە. [*لەپەیژەکە دێتە خوارێ و چەند هەنگاوێ بەرەو پەنجەرەی لای ڕاست دەڕوا*] ژێر ئاو! [*دەگەڕێتەوە پەیژەکە دەبات*] ئای چەند گەمژەم. [*پەیژەکە ڕادەکێشێ بەرەو پەنجەرەی لای ڕاست*] هەندێ جار بەخۆم دەڵێم، بیرکردنەوەم لە دەست داوە، دوای ئەوەی تێدەپەڕێ، ئاقڵ دەبمەوە. [*پەیژەکە لەژێر پەنجەرەی لای ڕاست دادەنێ و دەچێتە سەری، لە پەنجەرەکەوە دەڕوانێ، بەرەو لای هام دەسووڕێ*] چەند ناوچەیەك هەن کە بە تایبەتی حەزیان لێبکەی؟ [*ساتێك*] یان تەنها هەمووی؟

هام: [*بەبێ هێزییەوە*] هەمووی.

کلۆف: رووداوە گشتییەکان؟ [*ساتێك، بەرەو پەنجەرەکە دەسووڕێ*] با تەماشای ئەمە بکەین. [*تەماشادەکا*]

هام: کلۆف!

کلۆف: [*نوقمی نێو تەماشاکردن بووە*] ئم.

هام: تۆ شتێك دەزانی؟

کلۆف: [*بە هەمان شێوە*] ئم.

هام: کە من هەرگیز لەوێ نەبووم. [*ساتێك*] کلۆف!

کلۆف: [*بەرەو لای هام دەسووڕێ، تووڕەیە*] چییە؟

هام: من هەرگیز لەوێ نەبووم.

کلۆف: کەواتە شانست هەبووە. [*بۆ لای پەنجەرەکە دەسووڕێ*]

هام: قەد لەوێ حازر نەبووم، بەبێ بەشداریی من هەموو ئەو شتانە کران. نازانم چی ڕووی دا؟ [*کاتێك*] تۆ دەزانی چی ڕووی دا؟ کلۆف!

کلۆف: [*بەرەو لای هام دەسووڕێ، تورەیە*] لێم دەگەڕێ جارێ تەماشای ئەو گەنوگووە بکەم یان نا؟

هـام: لەپێشدا وەڵامم بدەرەوە.
کلۆف: چی؟
هـام: تۆ دەزانی چی ڕووی دا؟
کلۆف: کەی؟ لە کوێ؟
هـام: [بەتوندوتیژییەوە] کەی! ئەوەی ڕووی دا! تێناگەیت؟ چی ڕووی دا؟
کلۆف: جا ئەوە دەبێ چی بگۆڕێ؟ [بەرەو پەنجەرەکە *دەسووڕێ*]
هـام: من نازانم [*ساتێك کلۆف بەرەو هـام دەسووڕێ*]
کلۆف: [بەتوندی] کاتێ داپیرە پێگ، بۆ چراکەی داوای نەوتی لێکردی، تۆش دەستت نا بە ڕوویەوە و دەرت کرد و نەوتت نەدایە، ئا لەو کاتەدا دەتزانی چی ڕوودەدا. وانییە؟ [*ساتێك*] دەزانی داپیرە پێگ بەهۆی چییەوە مرد؟ بەهۆی تاریکییەوە، وانییە؟
هـام: [بەبێ *هێزییەوە*] نا، نەوتم نە مابوو تا بیدەمێ.
کلۆف: با، هەتبوو. [*ساتێك*]
هـام: دووربینەکەت پێیە؟
کلۆف: نەء، موبالەغە دەکەیت.
هـام: بڕۆ بیهێنە.
[*کاتێك، کلۆف تەماشای ئاسمان دەکا، باسکەکانی بەحەواوەو دەستی توند دادەخا، پارسەنگی تێك دەچێ و بەپەیژەکە خۆی دەگرێتەوە، چەند پلیکانەیەك دێتە خوارێ و دەوەستی*]
کلۆف: شتێك هەیە ناتوانم تێبگەم. [*دادەبەزێتە سەر زەوییەکە*] بۆچی هەمیشە ملکەچ دەکەم بۆ فەرمانەکانت؟ دەتوانی پێم بڵێی بۆ؟
هـام: نەخێر، ڕەنگە لە بەزەییەوە بێ. [*ساتێك*] جۆرێك بێ لە بەزەییەکی گەورە. [*ساتێك*] بۆ ئەوە ئازارت دەدا، ناڕەحەتت دەکا.
[*کلۆف بە ژوورەکەدا دەسووڕێتەوە و بە دوای دووربینەکەدا دەگەڕێ*]

کلۆف: لە سەربووردەی خۆمان ماندوو بووم. [دەگەڕێ] لەسەری دانەنیشتوویت؟ [کورسیەکە دەگوێزێتەوە، تەماشای ئەو شوێنەدەکا کورسییەکەی لێبوو، دەگەڕێ]

هام: [بێزار] لێرە بەجێم مەهێڵە. [کلۆف بەشێتگیرییەوە کورسییەکە دەباتەوە جێگاکەی خۆی] بە تەواوی لە ناوەڕاستدام؟

کلۆف: پێویستم بە میکرۆسکۆبێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو... [دووربینەکە دەبینێ] ئاهـ...ئاهـ... بەهەرحاڵ. [دووربینەکە هەڵدەگرێ، دەچێتە لای پەیژەکە، سەری دەکەوێتە، سەر، دووربینەکە ئاڕاستەی دەرەوە دەکا]

هام: سەگەکەم بدەرێ.

کلۆف: [تەماشا دەکا] بێدەنگ بە.

هام: [بەهێزتر]سەگەکەم بدەرێ.

کلۆف: [دووربینەکە بەردەداتەوە، بەهەردوو دەستی سەری دەگرێ، بەپەلە لە پەیژەکە دادەبەزێ، بەدوای سەگەکەدا دەگەڕێ، دەیدۆزێتەوە، هەلیدەگرێ، بەخێرایی دەچێت بۆلای هام و دەیکێشێ بەسەریدا] فەرموو ئەوە سەگەکەت.

[سەگەکە دەکەوێتە سەر زەوی]

هام: لێیدام!

کلۆف: تۆ هارم دەکەی. هار بووم.

هام: ئەگەر دەتەوێ لێم بدەی، بەکوتەکە کە پیاما بکێشە. [ساتێك] یا بە دارقولاپەکە. بگرە بە دارقولاپەکە لێم بدە، نەك بەسەگەکە، بە دارقولاپەکە، ئۆو... بە کوتەکە کە...

[کلۆف سەگەکە هەڵدەگرێتەوە و دەیدات بە هام ئەویش لە باوەشی دەگرێ]

کلۆف: [بەپاڕانەوە] با ئەم گەمەیە ڕابگریین.

هـام: هـەرگیز [*ساتێك*] بمخە نـاو تـابووتـەکەم.

کلۆف: تـابووتـی لێنەمـاوە.

هـــام: کــەواتــە بــا کــۆتــایــیــی بــێ. [*کـلـۆف دەچـێت بـۆلای پـەیـژەکـە.* بەتوندوتیژییەوە] زۆر بەخێرایی باتەواو بێ. [*کلۆف دەچێتە سەر پـەیـژەکـە، دەوەسـتــێ، دادەبـەزێ، بـەدوای دووربـیـنــەکـە دەگـەڕێ، هەڵێدەگرێتەوە، سەردەکەوێتەوە سەر پەیژەکە، دووربینەکە ئاڕاستە دەکا*] لـەتـاریـکـیـدا! ئـەی مـن؟ لـە مـن خـۆشـبـوون؟ ئـایـا قـەد لێم خۆشبوون؟

کـلـۆف: [*کـلـۆف دووربـیـنــەکـە دادەگـرێ، بـۆ لای هــام دەسووڕێ*] چــی؟ [*ساتێك*] ئەوشتانە بەمن دەڵێی؟

هـام: [بەتووڕەیییەوە] ئەوە حیواری تاکەکەسیی* پێدەڵێن، ئەی گەمژە، یەکەم جارە گوێت لە حیوارێکی تاکەکەسیی بێ! [*ساتێك*] ئەوا دوا خۆدواندنەکانم ئامادە دەکەم.

* حیواری تاکەکەس: کاتێ ئەکتەر لەگەڵ خۆی بەدەنگی بەرز دەدوێ، گوایە ئەکتەرەکانی تر گوێیان لێ نییە، بەڵام بینەر گوێبیستی دەبێ.

کلۆف: ئەوا پێشتر پێت ڕادەگەیەنم. لەبەر ئەوەی خۆت ئەمرم پێدەکەی، تـەمـاشـای ئـەو قـێزەوەنـیـیـە دەکـەم ... بـەڵام بـاش بـزانـە کـە ئـەمـە دواجارە. [*دووربیینەکە ئاڕاستە دەکا*] ئۆو... وەرن با بیبینین... [*دووربیینەکە دەگێڕی*] لێرە هیچ ... هیچ... زۆر چاکە ... هیچ... ئەوە [*دادەچڵەکێ، دووربیینەکە دادەگرێ، تەماشا دەکا، سەر لە نوێ دووربیینەکە ئاڕاستە دەکا*]

کلۆفە: ئـایـەی یـەی یـەی...

هـام: گەڵایەکە؟ گوڵێکە ؟ تـەمـا [*باوێشك دەدا*] تە یە؟

کلۆف: بـەرتـەمـاتـەت بدەم. یەکێکە. ئۆهـ... کـەسێکە.

هـام: ئی چاکە، برۆ لەناوی بەرە. [*کلۆف لەپەیژەکە دادەبەزێ*] یەکێکە! [*دەلەرزێ*] فەرمانی خۆت بەجێ بگەیەنە. [*کلۆف بەخێرایی بەرەو دەرگاکە دەڕوا*]نا، پێویست ناکا. [*کلۆف دەوەستێ*] چەند دوورە؟

[*کلۆف دەگەڕێتەوە بۆلای پەیژەکە سەردەکەوێتە سەری، دووربیینەکە ئاراستە دەکا*]

کلۆف حەفتاو... چوار مەتر.

هـام: نزیك دەبێتەوە؟ دووردەکەوێتەوە؟

کلۆف: [*بەردەوام تەماشادەکا*] ناجوولێتەوە.

هـام: نێرە؟ مێیە؟

کلۆف: جا ئەوە دەبێ گرنگیی چی بێ؟ [*پەنجەرەکە دەکاتەوە، خۆی بۆ دەرەوە دەچەمێنێتەوە. کاتێك. ڕاست دەبێتەوە، دووربیینەکە نزم دەکاتەوە، بەرەو هام دەسووڕێ، بە ترسەوە*] پێدەچێ منالێك بێ

هـام: داگیرکردن؟

کلۆف: چی؟

هـام: [بەتوندوتیژییەوە] خەریکی چییە، چی دەکا؟

کلۆف: [*هەمان شێوە*] چـوزانم چـی دەکـا. ئـەوەی مـنـالان دەیـان کـرد. [*دووربیینەکە ئاراستە دەکا. کاتێك. دووربینەکە دادەگرێ، بەرەو هام دەسووڕێ*] لەوە دەچێ لەسەر زەوییەکە دانیشتبێ و پالی بە شتێك دابێتەوە.

هـام: بـەردە بـەرزەکە. [*ساتێك*] بـیـنـاییت بـەرەو بـاشی دەچێت. [*ساتێك*] بـێگومـان بـەچـاوی مـردووی حـەزرەتـی مـوساوە تـەمـاشای نێو مـالەکە دەکا.

کلۆف: نەخێر.

هـام: [بەتوندوتیژییەوە] ئەی تەماشای چی دەکا؟

کلۆف: [بەتوندوتیژییەوە] نـازانم تـەمـاشای چـی دەکـا. [بـە دووربینەکە

*ئاڕاستە دەکا، کاتێك دوربینەکە دادەگرێ، بەرەو هام دەسوڕێ]* جێ ناوکی. لەو دەوروبەرەیە *[ساتێك]* بۆ ئەم هەموو تەحقیق کردنە.

هام: لەوانەیە مردبێ.

کلۆف: دەچم بۆ ئەوێ. *[لەپەیژەکە دادەبەزێ، دووربیینەکە فرێدەدا، دەچێ بۆلای دەرگاکە]*

هام: نا، پێویست ناکا. *[کلۆف دەوەستێ]*

کلۆف: پێویست ناکا؟ ئەی ئەگەر وەچە بخاتەوە؟

هام: ئەگەر کەسێك بێ، یان دێ بۆ ئێرە یان لەوێ بۆ خۆی دەمرێ. ئەگەر کەسیش نەبێ، ئەوا پێویست ناکا.

کلۆف: باوەڕم پێ ناکەیت؟ وا دەزانی درۆ دەکەم؟

هام: با کۆتاییی بێ کلۆف، ئێتر تەواومان کرد، ئێتر بەسە، پێویستم بەتۆ نەماوە. *[ساتێك]*

کلۆف: چاکە، کاتی خۆیەتی، لەکاتی خۆیدا کۆتایی دێ. *[دەچێ بۆلای دەرگاکە]*

هام: دارقولاپەکەم بۆ بەجێ بهێڵە.

*[کلۆف دارقولاپەکەی دەداتێ، دەچێ بۆلای دەرگاکە دەوەستێ، تەماشای سەعاتەکە دەکا، دای دەگرێ، بەدوای جێگایەکی چاکتردا دەگەڕێ، دەچێ بۆلای پەیژەکە و سەعاتەکەی لەسەر دادەنێ. دەگەڕێتەوە بۆ جێگاکەی خۆی لەتەنیشت کورسییەکە]*. [ساتێك]

کلۆف: بەجێت دەهێڵم. *[ساتێك]*

هام: پێش ئەوەی بڕۆی شتێ بڵێ!

کلۆف: هیچ نییە بیڵێم.

هام: چەند وشەیەك، بۆ ئەوەی بتوانم یادت بکەمەوە... لە نێو دڵمدا.

کلۆف: دڵت!

هـام: بـەڵێ. [*ساتێك، بەهێزەوە*] بەڵێ. [*ساتێك*] لەكۆتاییدا لەگەڵ ئەوانی تـر، لـەگـەڵ سێبـەرەكـان، ورتـە ورتـەكـان و بـۆ دواجـاریش لـەگـەڵ هـەموو بـەدییـەكان. كلۆف... [*ساتێك*] خۆ ئەو هـەرگیز قسەی لەگەڵ نـەكردم، پـاشان لـەكۆتـاییدا پـێش ئـەوەی بڕوا، بـەبـێ ئـەوەی من هیچی لێداوا بكەم قسەی بۆ كردم و پێی گوتم...

كلۆف: [پەست]ئاه...

هـام: هـەندێ شت... لە دڵتەوە.

كلۆف: دڵم!

هـام: هـەندێ وشە لە دڵتەوە بێنە دەر،

كلۆف: [*گۆرانی دەڵێ*]

باڵندە خنجیلانەكە، قەفەسەكەت جێ بهێڵە

بەرەو ئازیزەكەم بفڕە

لە سوخمەكەیدا هێلانەكەت دروست بكەو

پێی بڵێ، چەندە بێزارم.

[*ساتێك*] هێندە بەسە؟

هـام: [ڕووگرژ] ئەوە تف كردن بوو!

كلۆف: [*تێڕوانینێكی وەستاو، دەنگێكی ڕوون*] پێیان وتم كە، ئا ئەوەیە، خۆشەویستی، بەڵێ، بێگومان، بێگومان، بڕوام پێبكە، خۆت چاك دەزانی كە:

هـام: دەم هـەڵێنە... ددان بـەوشەكاندا بنێ.

كلـۆف: [*بـەهـەمان شێوە*] كـە چـەنـد ئـاسانـە. پـێیـان وتم كـە، ئـا ئـەوەیـە، هـاوڕێتـی، بـێگومـان زۆر، دڵنیـات دەكـەم، پێویست نـاكـا شوێنی دیكەی بەدوا بگەڕێیی. پێیان وتم، ئەوەتا لەوێیە، بوەستە، سەرت بەرز بكەوەو ئەو درەوشانەوەیە ببینە. ئەو نیزامە! پێیان وتم، خۆ تۆ نەفام نیت. بیر لەو شتانەی ئەوێ بكەرەوە و ئینجا بزانە چۆن

هەموو شتێك لا ڕوون و ئاشكرا دەبێ و دواتریش ئاسان دەبێ پێیان وتم، ئەو هەموو برینداره‌ی لەسەرەمەرگدان بە چ زانستێك چاك دەكرێنەوە.

هام: بەسیەتی.

كلۆف: هەندێ جار بە خۆم دەڵێم، كلۆف تۆ دەبێ لەمە چاكتر بتوانی ئازار بكێشی، ئەگەر حەزبكەی ڕۆژێك لە ڕۆژان ئێتر بێزار بن لە سزادانت. هەندێ جار بەخۆم دەڵێم، كلۆف تۆ دەبێ لەمە چاكتر بتوانی لێرە بمێنیتەوە، ئەگەر حەزبكەی ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕێگات بدەن لێرە بڕۆیت؛ بەڵام هەست دەكەم زۆر پیر بووم، زۆر دوورم لەوەی كە بتوانم جارێكی تر عادەتی تازە فێری خۆم كەم. چاكە، كەواتە ئەمە هەرگیز كۆتاییی نایەت و منیش هەرگیز ناتوانم بڕۆم. [*ساتێك*] پاشان ڕۆژێك لە پڕێكدا ئەمە كۆتاییی دێ، ئەمە دەگۆڕدرێ، تێناگەم. لەو وشانە دەپرسم كە ماونەتەوە: خەوتن، بێداربوون، ئێوارە، بەیانی. نازانن شتێ بڵێن. [*ساتێك*]دەرگای كوخەكە دەكەمەوەو دەڕۆم. بەڵام ئەوەندە كووڕ بووم بەر پێكانم نەبێ هیچ كۆێ تر نابینم. ئەگەر چاو بكەمەوە و تەماشابكەم، لەنابەینی قاچەكانم كەمێ تۆزی ڕەشباو دەبینم. بە خۆم دەڵێم– زەوی كوژاوەتەوە، كەچی هەرگیز بە داگیرساوی نەمدیوە. [*ساتێك*] بۆ خۆی بە تەنها– دەگوزەرێ. [*ساتێك*] ئەگەر بێتوبكەوم ئەوا لە خۆشیا دەگریم.

[*ساتێك، دەچێ بۆلای دەرگاكە*]

هام: كلۆف! [*كلۆف دەوەستێ بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، كاتێك*] هیچ.

[*كلۆف دەڕوا*] كلۆف!

[*كلۆف دەوەستێ بێ ئەوەی ئاوڕبداتەوە*]

كلۆف: ئەمەیە ئەوەی كە پێدەڵێن بە دەستهێنانی دەربازبوون.

هام: کلۆف: من سوپاست دەکەم بۆ کارەکانت.

کلۆف: [دەگەڕێتەوە بەگەرموگوڕییەوە] ئاه... ببوورە من سوپاست دەکەم.

هام: ئێمە خۆمان سوپاسی خۆمان دەکەین. [*ساتێك، کلۆف دەچی بۆلای* دەرگاکە] شتێکی تر. [کلۆف دەوەستێ] داوای لێبوردن. [کلۆف دەچێتە دەرەوە] لەژێر چەرچەفەکە بمشارەوە. [ساتێکی درێژ] نا؟ چاکە. [*ساتێك*] نۆرەی منە [*ساتێك*] گەمە کردن. [*ساتێك، ماندوو بێزار*] ئەی پیرە کۆتاییی گەمەیەکی دۆڕا و، ئێتر دۆڕاندن تەواو بوو. [*ساتێك*] ئا با بزانین، ... بەڵێ! [*دەیەوێ جێگۆڕکێ بەکورسییەکە بکا، تەکان بەخۆی دەدا وخۆی دەدا بەسەر دارقولاپەکەدا. لەم کاتەدا کلۆف دێتە ژوورەوە شەپقەیەك لە پوشی ڕەنگاوڕەنگ، پاڵتۆیەکی ئەستوور، قەمسەڵەیەکی بارانیی بەسەر دەستەوەیە، جانتایەك، هێمن لەنزیك دەرگاکەوە، چاوەکانی بڕیوەتە هام. کلۆف* بەم *شێوەیە بێ جووڵە تاکۆتایی دەمێنێتەوە. هام دیسان*] چاکە. [*ساتێك*] فڕێ دە. [*دارقولاپەکە فڕێ دەدا، دەیەوێ سەگەکەش فڕێ بدات بەڵام ڕادەگۆڕێ*] فڕێی دە بەڵام بەرزتر نەبێ لەئاستی بەرزیی پاشەڵت. [ساتێك] ئەی دوایی! [*ساتێك*] دای کەنە. [*کڵاوەکەی دادەکەنێ*] دەبا ئاشتی باڵ بگرێ بەسەرماندا... بەسەر سمتماندا. [*ساتێك*] ئینجا لەسەری بکەرەوە. [*کڵاوەکە لەسەر دەکاتەوە*] یەکسانی. [*دەستەسڕەکەی دەردەهێنێ، بێ ئەوەی بیکاتەوە چاویلکەکەی دەسڕێ*] ئینجا هەڵیگرەوە. [*دەستەسڕەکەی دەنێتەوە گیرفانی، چاویلکەکەی لە چاو دەکاتەوە*] وا خەریکە دەگەین. دیسان چەند کەرێتییەکی تری ئاوەها، ئینجا بانگت دەکەم. [*ساتێك*] کەمێ شیعر. [*ساتێك*] تۆ بانگت کرد. [*ساتێك. ڕاستی دەکاتەوە*] ئێوارە تۆ داوات کرد – ئەو دێت.

[*ساتێك. ڕاستی دەكاتەوە*] ئەو دادەبەزێ- ئەمەیان خۆیەتی. [*دەستپێ دەكاتەوە، بەگۆرانی وتن*] تۆ ئێوارە داوات كرد، ئەو دادەبەزێ. ئەمەتا خۆییەتی. [*ساتێك*] ئەمە جوانە. [*ساتێك*] ئەی دوایی. [*ساتێك*] ئەو چركەساتانەی هیچ نین، هەمیشە هیچ نین، بەڵام هەر ئەوان كارەكان دەژمێرن، ژماردنی تەواو و ڕاست لەنێو ئەواندان، لەگەڵ مێژووی داخراو. [*كاتێك. دەنگی چیرۆكخوان*] ئەگەر بتوانێ، ئەگەر ڕێگای بدەن منداڵەكەشی لەگەڵ بێ... [*ساتێك*] ئەو چركەساتەی چاوەڕوان بووم كە ئەمە تێدا بڵێ. [*ساتێك*] ناتانەوێ بەجێی بهێڵن، دەستی لێ هەڵگرن؟ حەزدەكەن بەرەبەرە ئەو گەورەببێ، لە كاتێكدا كە ئێوەش وردە وردە كورت دەبنەوە. [*ساتێك*] با ئەو سەر -هەزار چارەكەسەعاتەی دوایی هێوری و ئارامیتان پێببەخشن- [*ساتێك*] ئەو ئاگای لە هیچ نییە و هیچ نازانێ، تەنها برسێتی نەبێ، سەرما نەبێ، لەكۆتاییشدا مردن. بەڵام ئێوە، ئێوە دەبێ چاك بزانن سەرزەوی چۆنە لەم ساتەدا. [*ساتێك*] ئا بەم جۆرە... خستمە بەردەم مەسئولییەتەكانی، [*ساتێك، دەنگی ئاسایی*] زۆر چاكە، ئەوەتا، تێگەیشتم، بەسە ئێتر. [*فیكەكە دەگرێ بەدەستەوە، دوو دڵە، بەرەڵای دەكاتەوە، ساتێك*] بەڵێ بەڕاستی! [*فیكەیەك لێدەدا، ساتێك، فیكەیەكی بەهێز تر، ساتێك*] چاكە. [*ساتێك*] بابە! [*ساتێك، بەهێز تر*] بابە! [ساتێك] خەریكە دەگەین. [*ساتێك*] ئینجا بۆ ئەوەی تەواوی كەین؟ [*ساتێك*] فڕێی دە. [*سەگەكە فڕێ دەدا، فیكەكە لەملی دەپچڕێ*] هابگرە! [*فیكەكە بۆ بەردەم خۆی فڕێدەدا*]. [*ساتێك، هەناسەدەدا، بەنزمییەوە*] كلۆف! [*ساتێكی درێژ*] نا؟ چاكە. [*دەستەسڕەكەی دەردەهێنێ*] لەبەر ئەوەی ئەمە بەم شێوەیە گەمە دەكرێ. [*دەستەسڕكە دەكاتەوە*] ئینجا باسی ناكەین و ناچینەوە سەری.

[تەواو دەستەسڕەكە دەكاتەوە] باسی لێوەناكەین. [دەستەسڕەكە بەكراوەیی بەرامبەر خۆی ڕادەگرێ] كۆنە پەڕۆ. [ساتێك] ئا... تۆ: تۆ دەهێڵمەوە.
[كاتێك، دەستەسڕەكە لەدەم و چاوی نزیك دەكاتەوە]

تەواو

**سەرچاوە:**

SAMUEL BECKETT
Fin De partie